Journal UOR E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036 گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین Journal of University of Raparin

# کاریگەری بارودۆخی ئابوری عێراق (١٩٨٨-١٩٩١) لەسەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لە باشوری کوردستان، توێژینەوەیەکی مێژوییە.

**ئاراس عبدالرحمن مستەفا**

بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

خراپی مامەڵەی سیاسی و ئابوری لە سەردەمی حکومڕانی ڕژێمی بەعسی عێراقیدا دەوڵەتی عێراقی بەرەو بارودۆخێکی ناهەمواری سیاسی برد، بەجۆرێک لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد دەوڵەتی عێراق بەتەواوەتی لەلایەنی سیاسی و ئابورییەوە دارما، هۆکاری ڕاستەوخۆی ئەم ڕوداوەش دەگەڕایەوە بۆ سەرهەڵدان و بەرپاکردنی جەنگەکانی یەکەم و دوەمی کەنداو دژ بە دەوڵەتانی ئێران و کوەیتی دراوسێی.

لە ئەنجامی ئەم جەنگانەدا دەوڵەتی عێراق ڕوبەڕوی زەرەر و زیانێکی زۆری گیانی و ئابوری و سەربازی بۆوە و وڵاتی دوچاری قەرزێکی زۆری بێشومار کرد و تەواوی هێزە سەربازییەکەشی لەناوچو و هێز و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش وڵاتی عێراقیان ناچار بەچەند بەندێک کرد، کە یەکێک لە خاڵەکانی ئەو بەندانە دەبێت تەواوی زەرەرو زیانەکانی جەنگەکان قەرەبو بکاتەوە.

گرنگی لایەنی زانستی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە لایەنی ئابوری ماکێکی سەرەکی و پڕ بایەخی بەهێزبونی دەوڵەتە، ئەمەش سەبارەت بە دەوڵەتی عێراق مەترسییەکی گەورە بو، چونکە بنەما سەرەکییەکانی ئابوری عێراق بەهۆی جەنگ و ململانێی شەڕەنگێزانەوە بەرەو لێواری داروخان ڕۆشتبو، لێکۆڵینەوەی زانستی لەم لایەنە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخان کە دەوڵەت بۆ ئەوەی هەمیشە بە بەهێزی بمێنێتەوە پێویستە خۆی لە شەڕو جەنگ بە دوربگرێت

ئامانج لە نوسینی ئەم بابەتە ئاماژەدانە بە هۆکاری دارمانی ئابوری حکومەتی بەعسی عێراق لەژێر ڕۆشنایی جەنگەکانی یەکەم و دوەمی کەنداو کە دژ بە وڵاتانی ئێران و کوەیتی دراوسێی ئەنجامیدان و دەوڵەتی عێراقی لەلایەنی سیاسی و سەربازی و ئابورییەوە دوچاری شکستێکی مێژویی کرد.

ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە باس لە دۆخی ئابوری عێراق دەکات لە نێوان ساڵانی (١٩٨٨-١٩٩١)دا و کاریگەری لەسەر ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لە باشوری کوردستان، کە پێکهاتوە لە چەند باس و تەوەرەیەک کە هەریەک لەم بەش و تەوەرانەش کاریگەرییە نەرێنییەکانی بارودۆخی ئابوری لەسەر سەرجەم لایەن و پێکهاتەکانی کۆمەڵگای عێراق شرۆڤە دەکات و دواجار هۆکاری گرنگبون بۆ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لە باشوری کوردستان.

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتوم بریتییە لەو ڕاستیەی ئەگەر هەردو جەنگی کەنداوی یەکەم و دوەم ڕوی نەدایەو حکومەتی عێراق نەبوایە نەیاری وڵاتانی هەرێمی و بڕیار بەدەست و نەکەوتایە ژێر گەمارۆی سەختی ئابوری و زەرەرو زیانێکی گەورەی ئابوری بەرنەکەوتایە مەحاڵ بو ڕاپەڕین ئەنجام بدرایەو حکومەتی عێراق شکستی بهێنایە.

**کلیلە وشەکان :**

ڕاپەڕین، عێراق، ئابوری، تێکشکان.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(1).Paper2
**Received:** 20-February-2022
**Accepted:** 28- February -2022
**Published:** 20-March-2022
**Corresponding Author E-mail:**
Aras.abdulrahman@uor.edu.krd
**Copyright**©2022 Journal of Raparin University.

## پێشەکی:

دوای تەواوبونی جەنگی دوەمی جیهانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتیش عێراق پێینایە قۆناغێکی نوێی سیاسی و سەربازییەوە، کە دەسەڵاتی سیاسی عێراق چەندین گۆڕانکاری گەورەی بەخۆیەوە بینی، هەر لە گۆڕانی سیستەمی دەسەڵاتی سیاسی وڵات لە پاشایەتییەوە بۆ کۆماری و هاتنە سەر دەسەڵاتی حیزبی بەعس و سەرهەڵدانی چەندین کودەتای سەربازی لەناو ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی بەعسدا لەپێناو گرتنە دەستی دەسەلات، بەڵام کۆتاییەکانی فەرمانڕەوایی حزبی بەعسدا دەسەڵاتی سیاسی عێراق ڕوبەڕوی چەندین ڕوداو و گۆڕانکاری سیاسی و ئابوری بوەوە، کە دیارترین ئەو ڕوداوانەش ئەنجامدانی جەنگەکانی یەکەم و دوەمی کەنداو بون دژ بە وڵاتانی ئێران و کوەیت.

ئەم دو جەنگە لەلایەن حزبی بەعسی عێراقییەوە بە ئامانجی فراوانکردنی سنوری دەسەڵاتی سیاسی و دەستەبەرکردنی ئابوری ئەو دو وڵاتە لەسەردەمی سەدام حوسێن ئەنجامدران، بەڵام ئەنجامی هەردو جەنگەکە سەرەڕای لەناوچون و لاوازبونی هێزی سەربازی عێراق و دارمانی ژێرخانی ئابوری ئەو وڵاتە هەروەها بە ڕێژەیەکی زۆر قەرزی وڵاتانی جیهانی بوەوە، هەروەها بەشێکی باکوری عێراقیشی بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لەدەستداو عێراقی بەتەواوەتی ڕوبەڕوی تەنگەژەی ئابوری و سیاسی کردەوە.

- **هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە**

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکەمان دەگەڕێتەوە بۆ بەدەرخستنی ئەو کار و کردەوانەی کە سەدام حوسێن لە ماوەی سەرۆکایەتی وڵاتی عێراقدا ئەنجامیداون، کە خۆی دەبینیەوە لە زنجیرەیەک هێرش و پەلاماری سەربازی بۆ سەر خاکی وڵاتانی دراوسێی، کە بەهۆی چەند هۆکار و ئامانجێکەوە پەلاماری وڵاتی کوەیتیداو کارەساتێکی گەورەی بەسەر ئابوری عێراق داهێناو ژێرخانی ئابوری توشی دارمان کرد و سوپای عێراقی لێکهەڵوەشاندو ئەو هێزە سەربازیەشی لە کوردستان مابۆوە پاشەکشەپێکردو دەرفەتی زیاتری بۆ خەڵکی کوردستان ڕەخساند هەڵسن بە ئەنجامدانی ڕاپەڕین.

- **ئامانجی توێژینەوەکە**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لەگرنگیدانی زیاتر بە توێژینەوەی مێژویی و خزمەتکردنی زانست لە بواری مێژویدا و بەتایبەتیش خزمەتکردنی زیاتری مێژوی عێراق و دەرخستنی ڕاستیەکان و نوسینەوەی ڕوداوەکانی مێژو بەشێوەیەکی بێلایەن و زانستیانە، و دەرخستنی ئەو ڕاستییەی کە هەردو جەنگی یەکەم و دوەمی کەنداو ئەنجامی زۆر خراپی هەبو لەسەر لایەنی ئابوری، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا ئامانجمان دەرخستنی ئەو ڕاستییەیە کە جەنگەکانی عێراق لەگەڵ ئێران و کوەیت و ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بوە هۆی هەرەسهێنانی ئابوری عێراق و بڵاوبونەوەی هەژاری و نەخۆشی و برسیەتی و بڵاوبونەوەی فەسادی و تێکچونی شیرازەی کۆمەڵایەتی عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی و هۆکارێکی گرنگیش بو بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕین لە باشوری کوردستان.

- **میتۆدی توێژینەوە**

بەو پێیەی پەیوەندییەکی بەیەکداچون و ئاڵۆز لەنێوان میتۆدە جیاجیاکانی لێکۆڵینەوەکەدا هەیە، بۆیە هەوڵماندادوە بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە پشت بەتاکە میتۆدێکی زانستی نەبەستین، بەڵکو بەپێی پێداویستی لێکۆڵینەوەکە هەندێکجار پشتمان بەستوە بە بەکارهێنانی میتۆدی شرۆڤەکاری و بەدوای یەکدی هاتنی ڕوداوەکان و کاریگەریان لەسەر ئاڵوگۆڕو ڕوداوە مێژووییەکان، کە ئەوەی مەبەستمانە ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ی باشوری کوردستانە.

- **گرنگی توێژینەوەکە :**

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە سەرجەم لایەنەکانی ئابوری عێراق دەردەخات کە بە هۆی کاریگەری هەردو جەنگی یەکەمی کەنداو (١٩٨٠–١٩٨٨) و جەنگی دوەمی کەنداو (١٩٩٠–١٩٩١)، دروستبون بوە مایەی ڕوخانی ژێرخانی ئابوری عێراق و لەناوچونی بەشێکی زۆر لە سوپای عێراق و دامەزراوەکانی عێراق، هەروەها گرنگی بڕیاری هەڵەی سەرۆکی ئەوکاتەی عێراق سەدام حسێن دەردەخات کە دوای وەرگرتنی دەسەڵات عێراقی خستە ناو ئاگری جەنگ و کاولکاری. هەروەها خستنە ڕوی ئەو بارە خراپ و دژوارو پڕ لە تراژیدیایەیە کە لە کاتی جەنگ و دوای جەنگ دوچاری دانیشتوانی عێراق بۆوە لە هەمو ڕویەکەوە.

- **پێکهاتەی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتوە، بەشی یەکەم باسی جەنگی عێراق ئێران و ئەو زیانە ئابوریانەی بەر عێراق کەوتن، کە تیایدا کاریگەری ئەو جەنگە لەسەر عێراق لەڕوی ئابورییەوە ڕونکراوەتەوە کە عێراقی دوچاری زیانێکی گەورەی ئابوری و قەرزێکی زۆری نێودەوڵەتی کرد، بەشی دوەمیش تیایدا باس لە داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراق و دەرهاویشتە خراپەکانی کراوەن سەرجەم ئەو زەرەرو زیان و کارەساتە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سەربازییەی کە بەسەر عێراقدا هات ڕونکراوەتەوە، لەبەشی سێیەمیش تیایدا کاریگەری بڕیاری سەپاندنی گەمارۆی ئابوری وسەرهەڵدانی ڕاپەڕین لە باشوری کوردستان خراوەتەڕو، لەم بەشەدا کاریگەرە ترسناک و پرمەترسیەکانی بڕیاری ٦٦١ ئەنجومەنی ئاسایش و سەپاندنی گەمارۆی ئابوری و کاریگەرییە خراپەکانی ڕوی تەندروستی پەروەردەو کۆمەڵایەتی و دامەزراوە دەوڵەتییەکانی عێراق و بڵاوبونەوەی خراپەکاری شرۆڤە کراوە، کە هۆکارێکی گرنگ بوە بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕین.

## بەشی یەکەم:

## کاریگەری جەنگی یەکەمی کەنداو لەسەر ئابوری عێراق

بەر لە سەرهەڵدانی جەنگی عێراق ئێران یاخود جەنگی یەکەمی کەنداو بەدرێژایی مێژو ناکۆکی لەسەر سنور لەنێوان دەسەڵاتدارانی عێراق و ئێراندا هەبوە، لە (٤)ی تەمموزی ساڵی (١٩٣٧) بەپێی ڕێکەوتننامەیەک کێشەی سنوری نێوان هەردو دەوڵەت چارەسەرکرا و سنوری نێوان هەردو دەوڵەت دیاریکرا، بەڵام لە (١٩)ی نیسانی ساڵی (١٩٦٩)دا ئێران ڕێکەوتننامەکەی تایبەت بە کێشەی سنوری لەگەڵ عێراق هەڵوەشاندەوە و دەستی بەسەر خۆرهەڵاتی کەناری (شط عەرەب)دا گرت و شاری خورەم شەهری داگیرکرد، دواتر بە فەرمانی محەمەد ڕەزا شا (١٩٤١– ١٩٧٩) هێزی سەربازی ئێران دەستی بەسەر دورگەکانی (تەنبی بچوک و تەنبی گەورە و ئەبوموسا) داگرت و وەک دژایەتییەک بۆ دەسەڵاتی عێراق یارمەتی و کۆمەکی و پشتیوانی بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە باشوری کوردستان ڕاگەیاند، بەمشێوەیە ئێران لە ساڵی (١٩٧٤)دا دەستی بەسەر ڕێگا بازرگانی و سەربازی و دەریاوانی ناوچەکەدا گرت و شەڕی لە دژی عێراق ڕاگەیاند، بەڵام بە هەوڵی نەتەوە یەککگرتوەکان گرژییەکان خاوبونەوەو بڕیاری شەڕکردن وەستا (تەقوش، ٢٠٢١، ٤٦٠)، لەو چوارچێوەیەدا گفتوگۆ و دانوستان لەنێوان هەردو دەوڵەت لە (١٨)ی ئابدا دەستپێیکرد و لە کۆنگرەی سەرانی ئۆپیکدا لە جەزائیر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ بە ناوبژیوانی سەرۆکی جەزائیر (هواری بۆمدین) نوێنەرانی هەردو دەوڵەت کە پێکدەهاتن لە شای ئێران و (سەدام حسین) ڕێککەوتن لەسەر دیاریکردنی سنوری وشکانی و ئاوی نێوان هەردو دەوڵەت و کۆتایی هێنان بە پشتگیری یاخیبوانی کوردانی باکوری عێراق لەلایەن ئێرانەوە (بابانزادە، ٢٠١٣، ١١٧– ١١٨)، بەڵام سەرەڕای گەیشتن بەڕێککەوتن پاشماوەی سنوری نێوانیان (١٠٠)کم بو دەستکارینەکرا و وەکو کێشەیەک لە نێوانیاندا مایەوە، بەمشێوەیەش ئێران لە سنوری ئاوی (شط عەرەب)دا بوە هاوبەشی عێراق و بەپێی ڕێکەوتننامەکەش سنوری ئاوی و وشکانی نێوان هەردو دەوڵەت یەکلابۆوە، بەڵام دوای ڕوخانی دەسەڵاتی شای ئێران لە ساڵی (١٩٧٩)دا جارێکیتر مەترسییەکانی ئێران بۆ سەر دەسەڵاتی عێراق سەریهەڵدایەوە (تەقوش، ٢٠٢١، ٤٦٠).

لێرەوە ئامادەکارییەکانی سەدام بۆ جەنگی کەنداو دژ بە ئێران ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دو وڵاتە بەرەو گرژی و ئاڵۆزی دەچون و سەدام پرۆسە داگیرکارییەکەی ئێران بۆ سەر سێ دورگەکەی عێراق لەسەردەمی دەسەڵاتی شادا وەبیر ئێرانییەکانی دەهێنایەوە، لەلایەکی تریش سەدام دەسەڵاتی ئێرانی بەوە تاوانبار دەکرد کە هاوکاری پێشکەشی حزبی (دەعوە) دەکات کە (محەمەد باقر صدر) سەرۆکایەتی دەکرد و وەک هەوڵێک بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس لێکیان دەدایەوە (ئەندرسن و ستانسفێلد، ٢٠٠٨، ١٢٥)، لە بەرامبەردا ئێران بە پێشکەشکردنی هاوکاری و کۆمەک بۆ عەرەبەکانی خوزستان لەدژی ئێران ڕژێمی بەعسی عێراقیان تاوانباردەکرد، بەمشێوەیە ئێرانیش بۆ ڕوبەڕوبونەوە و پەرچەکردار لەدژی عێراق کوردەکانی بەکارهێنا و سەرکردایەتی سیاسی کوردی لە ئەمریکاوە بانگهێشت کردنەوە و ڕێگەپێیدان خاکی ئێران بۆ دۆزی نەتەوەیی و سیاسی خۆیان لە دژی عێراق بەکاربهێنن، بەمشێوەیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گرژی و ئاڵۆزی لەنێوان

هەردو دەوڵەت پەرەیدەسەند و تا کار گەیشتەوە ئەوەی هەردو دەوڵەت بەڕوی یەکدا بتەقنەوە و جەنگ ڕابگەیەنن، دەستپێکی سەرهەڵدانی جەنگی نێوانیان لە حوزەیرانی ساڵی (١٩٧٩)دا بو کە لە هێرشێکی ئاسمانی عێراقیدا شەش کەس لە سەربازانی ئێران کوژران، هەرچەندە دوای هەفتەیەک لەو ڕوداوە عێراق پۆزشی بۆ ئێران هێنایەوە، بەڵام بێ ئەنجام بو، چونکە پازدە ڕۆژ دوای ئەو ڕوداوە هەمو ڕۆژێک ڕوداوێکی سەربازی و هێرش و پەلاماردان ڕویدەدا، دواتر عێراق داوای لە ئێران کرد ڕێکەوتنامەی جەزائیر هەڵبوەشێنێتەوە و سێ دورگەکەی کە داگیرکردبون بەجێیان بهێڵێت، بۆ ئەو مەبەستەش عێراق لە (١٧)ی ئەیلولی (١٩٨٠)دا ڕێکەوتنامەی جەزائیری هەڵوەشاندەوە و لە (٢٢)ی ئەیلولی هەمان ساڵدا سوپای عێراق تەواوی ناوچەکانی (شط عەرەب)ی داگیرکردەوە، پاشان هەوڵیدا دەست بگرێت بەسەر تەنگەکانی هورمز و دورگەکانی تەنبی گەورە و تەنبی بچوک و ئەبوموسادا، تاوەکو ئەهواتز ڕزگاربکات، لە بەرامبەردا ئێران شەڕی دژی عێراق ڕاگەیاند و تەنگی هورمزی بە ڕوی عێراقدا داخست و ڕایگەیاند تاوەکو شوێنە پیرۆزەکانی شیعە لە عێراق کە مەبەستی نەجەف و کەربەلا بو نەگرێت واز لە شەڕناهێنن، لەڕوی ئابورییەوە عێراق خاوەن داهاتێکی بەرزی سەرچاوە سروشتییەکان بو بەتایبەتی نەوت، کە لە ساڵانی حەفتاکاندا داهاتی ساڵانەی دەگەیشتە (٧٥) ملیار دۆلاری ئەمریکی ئەوکات، سەرەڕای ئەو داهاتە کشتوکاڵییەی کە ساڵانە بەرهەم دەهات و باری ئابوری عێراقیان زیاتر بەرەو لوتکە دەبرد، بەتایبەتی لە بەرهەمهێنانی گەنمدا، جگە لە بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکی لەگەڵ وڵاتانی کەنداو تورکیا و وڵاتانی ئەوروپا و یەکێتی سۆڤیەت، کە داهاتێکی باشی بۆ عێراقییەکان فەراهەم دەکرد، بەمشێوەیە عێراق لەڕوی ئابوری پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی بە چەشنێک لە ساڵی (١٩٨٠) کۆمەڵگەی عێراقی خاوەن داهاتێکی ئابوری بەرزبو کە دەگەیشتە نزیکەی (٧) هەزار دۆلاری ئەمریکی ئەو کات، بەڵام بە هاتنە سەر دەسەڵاتی سەدام تەواوی ئابوری عێراقی خستە خزمەت بەرژەوەندییەکانی و دەسەڵاتە تاکڕەوییە دیکتاتۆریەکەی خۆیەوە، کە خۆی دەبینیەوە لە بەهەدەردانی سامانی گشتی عێراق بۆ کۆشک و باڵەخانەکانە و جەنگەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی وەک ئێران و کوەیت (بریمەر، ٢٠١٢، ٨٨).

بەمشێوەیەش شەڕ لەنێوان هەردو دەوڵەت دەستیپێکرد و ماوەی هەشت ساڵی تەواوی خایاند، لەو ماوەیەدا چەندین سەرکەوتن و شکست لەلایەن هەردو دەوڵەتەوە تۆمارکران و هەریەکەیان توانیان کۆنتڕۆڵی خاکی بەرامبەر بکەن و شارەکان داگیربکەن، بەڵام لەکۆتایدا سەرەڕای ئەوەی زەرەر و زیانی ماددی و گیانی زۆر بەدوای خۆیدا هێنا و نزیکەی (٤٠٠ بۆ٥٠٠) هەزار سەربازی ئێرانی و (٣٠٠) هەزار سەربازی عێراقیش کوژران، بە شێوەیەکی گشتی نزیکەی یەک ملیۆن کەس کوژران جگە لە بریندداربونی هەزاران سەرباز و زەرەر و زیانی ماددی هەردولا، بەڵام لەکۆتایدا عێراق توانی کۆنتڕۆڵی (شط عەرەب) بگرێتەوە دەست و هەردو دەوڵەتیش بەپێی بڕیاری نەتەوە یەکگرتوەکان لە (٢٠)ی تەمموز و (١٦)ی ئابی (١٩٨٨)دا جەنگەکە ڕابگرن.( Karsh ، 2002، p32 )

لە ساڵی (١٩٨٠)دا سەدام تەواوی ئابوری و سامانی گشتی عێراقی خستە خزمەت جەنگەوە لە دژی دەوڵەتی ئێرانی دراوسێی، کە لە مێژودا بە جەنگی یەکەمی کەنداو یاخود شەڕی (عێراق ـ ئێران)ی ناسراوە، کە سەدام ناوی نابو جەنگی (قادسیەی سەدام)، بەڵام لەلای ئێرانییەکان ناوبرابو بە جەنگی بەرگری پیرۆز (دفاع

المقدس)، ئەم جەنگە ئابوری هەردو دەوڵەتی ویران کرد، بەجۆرێک بەر لە ڕاگەیاندنی جەنگ عێراق خاوەنی (٣٦) ملیار دۆلار پارەی یەدەگ بو بەڵام دوای کۆتایی هاتنی جەنگەکە (٨٠) ملیار دۆلار قەرزداری وڵاتانی دەوروبەری بو (مستەفا، ٢٠١٨، ٢٨)، سەرەڕای خەرجکردن و بەهەدەردانی سامانێکی زۆر بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی و خۆراک و بەزۆر بەسەربازی گرتنی خەڵک زیانێکی گیانی زۆریشی بەهەردولا گەیاند (مکی، ٢٠٠٩، ٩٧ Cruze،1988، 12).

حکومەتی عێراق تەنها بۆ کڕینی چەکی سەربازی و جەنگ لەماوەی سالانی ١٩٨٢– ١٩٩٠ لە وڵاتانی وەک فەرەنساو ڕوسیاو ئەڵمانیای ڕۆژئاواو ئیتاڵیاو بەریتانیاو ئەمریکاو نەمساو سویسراو بەلجیکاو چین و کۆریای باکور بە نزیکەی ٤٣ ملیار دۆلار ئەژماردەکرا .(النصراوی، ١٩٩٥،ص١٩٥؛ هیوا تاڵەبانیة ١٩٩٣، ل٣٦).

هاوکات لە دوا مانگەکانی شەڕی کۆتایی نێوان (عێراق – ئێران)دا سەدام حسین ئاراستەی جەنگ و کاولکاری و بەهەدەردانی ئابوری عێراقی لەدژی میللەتەکەی خۆی بەکارهێنا ئەویش میللەتی کورد بو، سەرەڕای بەکۆمەڵکوژکردن و دورخستنەوەیان لە زێدی ڕەسەنی خۆیان و زیندەبەچاڵکردنیان لە بیابانەکانی باشوری عێراق، هەروەها لە ڕێکەوتی (١٦)ی ئاداری (١٩٨٨)دا شاری هەڵەبجەی کوردنشینی بەچەکی کیمیایی وەک (خەردەل و سارین و تابون) بۆردومان کردو بەتەواوی ویرانیکرد، لە ئەنجامی ئەم بۆردومانەدا نزیکەی (٥)هەزار هاووڵاتی بێتاوانی کوشت و نزیکەی (٢٥) هەزار هاووڵاتی تریشی بریندارکرد، جگە لە ئاوارە و بێسەرو شوێن بونی دەیان هەزار ئاوارەیتر، جگە لەوەش ئەو شوێنەوارە نەرێنییەی کە لەدوای کیمیا بارانەکە بەسەر هەڵەبجەوە بەجێما و تاوەکو ئەمڕۆش ماوەتەوە (وۆچ، ٢٠٠٤، ١٧٢، ١٧٣)؛ (لیزنبێرگ، ٢٠١١، ٣٣).

لە نێوان سالانی جەنگدا حکومەتی عێراق بەهۆی سوتاندنی هەزاران دێهاتی کوردستان، ڕێژەی بەرهەمهێنانی توتن لە(٩٠٠٠) نۆ هەزار تەنەوە بۆ (١٨٠٠) تەن لە ساڵێکدا دابەزی، هەروەها پێش جەنگ بەرهەم هێنانی گەنم لە کوردستاندا نزیکەی ٧٠٪ی بەرهەمی گەنمی عێراق بو بەڵام بەهۆی ٨ ساڵی جەنگ ئەم ڕێژەیە زۆر دابەزی (کاوانی، ١٩٩٢،ل٣) .

هەروەها بەهۆی دژایەتیکردنی شیعەکانی خوارویی عێراق ژمارەی دارخورماکان بریتی بو لە ٣٦ ملیۆن دارخورما بەڵام بەهۆی سوتاندن و بڕینەوە دارخورماکان لە حکومەتی عێراقەوە بۆ ٦ ملیۆن کەم بۆوە (خەیات، ١٩٩٨، ل١٧).

لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی ئێران و کۆمەڵکوژکردنی کوردەکانی باشوری کوردستان سەدام ئاراستەی جەنگە خوێناوییەکانی بەرەو داگیرکاری وڵاتی کوەیت گۆڕی، هاوکات بەر لە کۆتاییهاتنی جەنگی هەشت ساڵەی لەدژی ئێران پەیوەندی هاتوچۆ و ئاڵوگۆری بازرگانی لەنێوان عێراق و کوەیتدا هەبو (الزهاوی، ٢٠٠٤، ٢٨)، بەڵام بەهۆی جەنگی دژی ئێران عێراق توشی قەیرانێکی دارایی گەورە بو، کە سەرجەمی قەرزەکانی کە لە وڵاتانی کەنداو و وڵاتانی ڕۆژئاوا قەرزی کردبو دەگەیشتە (١٠٠) بلیۆن دۆلار، بۆ خۆرزگارکردن لەم قەیرانە بیری لە ڕێگا چارەیەک کردەوە ئەویش داگیرکردنی کوەیت بو (کاپلان و کریستۆل، ٢٠٠٧، ٤٧)، (سەدام حوسێن) فشاری خستە سەر ڕێکخراوی ئۆپێک بۆ ئەوەی نرخی نەوت بەرز بکاتەوە، چونکە بەهای نەوت بۆ ژێر نرخی دیاریکراو کە (١٨) دۆلار بو دابەزی بو و لە کۆتایی ساڵی (١٩٩٠)دا بەهای نەوت بۆ (١١) دۆلار دابەزی، بەمجۆرەش

دابەزینی هەر دۆلارێک لە نرخی نەوت واتە زیانی (١٠٠) بلیۆن دۆلار لە ساڵێکدا بەر عێراق دەکەوت (ئەندرسن و ستانسفێلد، ٢٠٠٨، ١٤٣)، بەمشێوەیە سەدام دەیویست (دو بلیۆن) دۆلاری قەرزی کوەیت بسڕێتەوە، جگە لەوەش لە هەوڵی ئەوەدا بو دورگە بچکۆلەکانی ناو کەنداو بەکاربهێنێت، نیازی ئەوەی هەبو لەگەڵ کوەیتییەکان لەسەر بیرە نەوتیەکانی سنوری کوەیت بگەنە ڕێککەوتنێک کە ناکۆکی لەسەر بو بەر لە ڕۆژانی جەنگ، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە کوەیتی ناچار کرد دەست هەڵبگرێ لە چاڵە نەوتیەکانی ڕومێلە و قەرزە سەربازیەکانی بەسەر عێراقەوە (مکی، ٢٠٠٩، ٩٧).(الخالدی، ١٩٩١. ص٩) .

بۆ مەبەستی فراوانکردنی سنوری دەریایی عێراق، چونکە لەڕوی شوێنی جوگرافیەوە عێراق بارودۆخێکی گونجاوی نەبو، خاوەنی سێ بەندەر بو لەسەر کەنداو بەناوەکانی (بەسرە، ئوم و قەسر، فاو) کە ئەم سێ بەندەرە هەرسێکیان لەڕوی بەکارهێنانەوە لەلایەن عێراقەوە سنورداربون، لەکاتی سود لێوەرگرتنیاندا عێراق توشی گرفت دەکات، درێژی کەنارەکانی ئەم وڵاتە لەسەر کەنداوی فارسی نزیکەی (٥٥)کم دەبێت، لەناو (٨) وڵاتی سەر کەنداو کەمترین سنوری ئاوی هەبو، لەبەرئەوە داگیرکردنی کوەیت درێژی کەنارەکانی عێراق زیادی دەکرد، لەبەر ئەوە بڕیاری داگیرکردنی کوەیتیدا (عزەتی، ٢٠١٣، ١٥١– ١٥٢).

## بەشی دوەم:

## داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراق و دەرهاویشتەکانی

بەر لە کۆتاییهاتنی شەڕی عێراق ـ ئێران پەیوەندی هاتوچۆ و مامەڵەی بازرگانی لەنێوان هەردو وڵاتی عێراق و کوەیتدا هەبو، بەڵام دوای تەواوبونی شەڕی عێراق ـ ئێران، حکومەتی عێراق توشی قەیرانێکی دارایی گەورەبو، جگە لەمەش توشی زەرەر و زیانێکی زۆری گیانیش بو بە هەزاران کەسی لێکوژرابو، بۆیە بۆ خۆڕزگارکردن لەم قەیرانە بیری لەڕێگاچارەیەک کردەوە، ئەویش داگیرکردنی کوەیت بو (الزهاوی، ٢٠٠٤، ٢٨؛ کاپلان و کریستۆل، ٢٠٠٧، ٤٧).

بەمەبەستی بوژاندنەوەی کەرتی ئابوری عێراق (سەدام حوسێن) لەلایەک هەوڵیدەدا فشار بخاتە سەر ڕێکخراوی ئۆپێک بۆ ئەوەی نرخی نەوت بەرزبکاتەوە، لەلایەکیتر دەیویست (دو ملیۆن) دۆلار قەرزی کوەیت بسڕێتەوە، جگە لەوەش لە هەوڵی ئەوەدا بو دورگە بچکۆلەکانی ناو کەنداو بەکاربهێنێت، ئارەزوی ئەوەی هەبو لەگەڵ کوەیتییەکان لەسەر بیرە نەوتیەکانی سنوری کوەیت بگەنە ڕێککەوتنێک کە ناکۆکی لەسەر بو بەر لە ڕۆژانی جەنگ، بۆیە بۆ ئەم مەبەستە کوەیتی ناچارکرد دەست لە چاڵەنەوتیەکانی ڕومێلە و قەرزە سەربازییەکانی عێراق هەڵبگرێت (مکی، ٢٠٠٧، ٩٧؛ صالح خلف صالح . ٢٠١٠، ص٨٥).

دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی کەنداو لە ساڵی (١٩٨٨)دا عێراق توشی قەیرانێکی ئابوری گەورە بو بەهۆی درێژە کێشانی شەڕی هەشت ساڵە و کەڵەکەبونی قەرزێکی زۆر بەسەریەوە، بۆیە بیانوی بۆ وڵاتانی کەنداو دەدۆزیەوە و هەڕەشەی لێدەکردن، یەکەمجار بیانوی بە وڵاتی کوەیت گرت، بەبیانوی کێشەی بیرە نەوتەکانی سەر سنوری نێوان هەردو وڵات، سەدام حسێن داوای یارمەتی لە وڵاتانی کەنداو کرد لەدانەوەی

قەرزەکانی بەتایبەتی کوەیت، بەڵام کوەیت دوای تەواوبونی جەنگی یەکەمی کەنداو ڕاستەوخۆ بڕیاری زیادکردنی پشکی بەرهەمە نەوتییەکانیدا لە ڕێکخراوی ئۆپیک ئەم زیادکردنە گەیشتە ئەو ئاستەی کە ناکۆکی کەوتە نێوان عێراق و کوەیت، ئەم کردارەی کوەیت بەلای سەدام حوسێنەوە ناپاکیەکی گەورە بو (الزهاوی، ٢٠٠٤، ٢٩).

دوای بەرزکردنەوەی بەرهەمی نەوت و یارمەتی نەدانی سەدام حوسێن لەلایەن کوەیتەوەو دابەزینی نرخی نەوت (مصطفی، ١٩٩٠، ص٦٥) ناوبراو بەوڵاتانی کەنداوی ڕاگەیاند بزانن ئەگەر ئەو برە پارەیە نەدەن ئەوا خۆم دەزانم چۆن دەستەبەری دەکەم (کۆگلن، ٢٠١٤، ٣٧٦)، سەرەنجام پشێویەکان لە بەهاری (١٩٩٠)دا لە نێوان عێراق و وڵاتانی کەنداو ڕوی لە هەڵکشان کرد، وڵاتانی کەنداو گوێیان بە هەڕەشەکانی سەدام حوسێن نەدا، بۆ ئەوەی بارودۆخەکە قورستر بێت بەردەوام بون لەسەر سیاسەتی زیادکردنی پشکی نەوت لە ڕێکخراوی ئۆپێک (سهر ، ٢٠٠٧، ص، ٢٥).

لە لوتکەی عەرەبیشدا کە لە بەغداد گێڕدرا لە (٢٨)ی ئایاری (١٩٩٠)دا، ڕوکارەکەی گفتوگۆکردن بو لە بارەی کاریگەری لێشاوی نوێی جولەکەکانی سۆڤیەت بۆ ئیسرائیل، دوای ئەوەی کوەیت بە داواکارییەکانی عێراق ڕازی نەبو (کوتشیرا، ٢٠٠٧، ٧٠)، سەدام حوسێن چاوی بڕیە هەردو دورگەی (بۆبیان) و (واریان) کە دەکرێ سودیان لێ وەرگرێت لەجیاتی بەندەرە ئاوییەکان، هەر لە بەهاری (١٩٩٠)دا سەدام حوسێن دەستیکرد بە زیادکردنی پارە لە ڕێگەی داواکردنی بەشێک لە کێڵگەی گێزەر و قەراخێک لە چاڵەنەوتیەکانی ڕومێلە، بانگەشەی ئەوەشی دەکرد کە مافی ئەوەی هەیە کێڵگەی ڕومێلە بەکاربهێنێ، چونکە کەوتۆتە بەشی باشوری عێراق، وە هەڕەشەشی لە کوەیت دەکرد بەدەست هەڵگرتن لەسەرکەشی کردن لە کەمکردنەوەی نرخی نەوت و دانەوەی بەشێکی قەرزەکانی، دوای ئەوەی کێشە و پشێوی لەنێوان عێراق و کوەیتدا سەرهەڵدەدات، لەو ماوەیەدا بۆ چارەسەرکردنی چەند کۆنگرەیەک دەبەسترێ (هەیکەل، ٢٠١٠، ١٥٤، ١٥٥؛ الطویلة، ١٩٩٠، ص١٢).

هاوکات کۆنگرە دوای کۆنگرە هێندەی تر قەبارەی کێشەکانی فراوانتر دەکرد، بەڵام چارەسەرکردنی کێشەکان بێ ئەنجام مایەوە، سەرانی عەرەبیش لە ئاستی نەهێشتنی کەم و کورتیەکان سەر لێشێواو و دەسەوسان وەستابون، تەنانەت جیهانیش هەستی بەوەکرد بو یەکێتی و یەکگرتنی عەرەب تەنها لە دوبەرەکیدایە، هەروەک وتراوە عەرەب لەسەر ئەوە کۆکن هەرگیز یەکنەگرن و ڕێکیشنەکەون (کۆگلن، ٢٠١٤، ٣٧٨ ؛ الادهمی، ١٩٩٧، ص٦١-٦٥).

دواجار دوای ئەوەی کۆنگرەی (جده) لە بەرەبەیانی (٣٠) تەمموزی (١٩٩٠)دا لە سعودیە بەسترا وەفدی عێراقی بەسەرۆکایەتی (عزت الدوری) جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و بە ئەندامیەتی (سعدون حمادی) و (عەلی حەسەن مەجید) و وەفدی کوەیتی بە نوێنەرایەتی (وەلی عەهد) و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران (شێخ سەعد) بەڕێوەچو، بەڵام گفتوگۆیەکە سەرکەوتنی بە دەستنەهێنا، (عزت الدوری) بەنائومێدی گەڕایەوە و ڕایگەیاند کە دەوڵەتی کوەیت ئامادەی هیچ جۆرە خۆ بەدەستەوەدانێکی ڕامیاری، ئابوری، دارایی نییە، پێش داگیرکردنی کوەیت وەزیری نەوتی کوەیت (شێخ علی خەلیفە) ڕایگەیاند، کە ئێمە وابەستە نین بەو برە نەوتەی کە لەلایەن ئۆپیکەوە بۆمان دیاری کراوە، بەردەوام دەبین لەسەر زیادکردنی بەرهەم هێنانی نەوت،

کە ئەم ڕاگەیاندنەی بە پاڵپشتی ئەمریکا بو، کە بەنهێنی لەگەڵ کوەیت ڕێککەوتبو، یەکەم بۆ تێکشکاندنی ئابوری عێراق دوەم بۆ ئەوەی عێراق ناچاربکات، دان بە سنوری کوەیتدا بنێ بەتایبەتی ئەو شوێنانەی کە بیرە نەوتیەکانی لێیە و شوێنی گرنگی یەدەگی نەوتی کوەیت بون (ڕەشید، ١٩٩١، ١٩؛ نصره، ٢٠٠٣، ص٧٨)

هاوکات دوای ئەوەی کە سەدام حوسێن نەیتوانی دەوڵەتانی کەنداو ڕازی بکات، سەرەڕای ئەوەی هەڕەشەشی لێکردن بەڵام سودی نەبو، بۆیە فەرمانی بە هێزە سەربازییەکەی کرد کوەیت داگیر بکەن، ئەوە بو چەند یەکەیەک لە هێزەکانی تایبەت (قوات خاصە)ی ئامادەکرد و لە کاتژمێر (٢:٣٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی (٢)ی ئابی (١٩٩٠)دا سنورەکانی وڵاتی کوەیتیان بەزاند، بەشێوەیەکی فەرمی لە (٢)ی ئابی (١٩٩٠) لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا توانیان کوەیت داگیربکەن، بەڵام فەرمانڕەوای کوەیت (الشیخ جابر الصباح) و زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەی توانیان ڕابکەنە سعودیە (مەسیفی، ٢٠١١، ٧٦، ٧٧؛ حبیب، ٢٠١٣، ٧٦).

سەدام حوسێن لەوە تێنەگەیشتبو کە دنیا گۆڕاوە و بەرەو تاک سیستەمی دەچێت، سەردەمی دو زلهێزی بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهان بەسەرچوە و هەموان بون بەهێزێک لەیەک سیستەمدا کۆدەبنەوە، درکی بەو گۆڕانکاریانە نەدەکرد کە لەبەرچاوی ڕویاندەدا، کە نەک ڕێگا لە تاوان و داگیرکاری دەگرێ، بەڵکو دەستدرێژیکار سزادەدات و بەرپەرچی دەداتەوە ڕەنگە لەناویشی بەرێت (الانصاری، ١٩٩٨، ١٥).

دوای داگیرکردنی کوەیت سەدام هەستا بە بڵاوکردنەوەی هێزە چەکدارەکان لە هەمو سوچێکدا و خاڵی پشکنینی لەهەمو شوێنێدا دەستیانکرد بەکاری گرتن و پشکنین، بەتایبەت گرتنی سەرباز و ئەفسەر و تەنانەت خەڵکی ئاسایش، دواتر دەخرانە لیستی ڕەشەوە (سالنجر و لوران، ١٣٧٠، ٥٨).

لەگەڵ ئەوەی کە سەدام لە سەرەتادا بە داگیرکردنی کوەیت دڵخۆش بو، بەڵام ئەو دڵخۆشیەی زۆری نەخایاند، ئەو وایدانا بو لەو کاتەی هیچ چەپڵەیەک بۆ ئەو کردارەی لێنادرێ ئەوا بەرگریەکی ئەوتۆشی نەهاتەڕێ، لەڕاستیدا ئەو وێنە هەواڵگریانەی کە دوای ماوەیەکی کورتی داگیرکردنی کوەیت مانگی دەسکردی ئەمریکییەکان گرتبویان زۆر بەڕونی هێڵی تانکە عێراقییەکانی لەسەر سنوری عێراق لەگەڵ سعودیەدا دەردەخست، یەکێکیش لە مەتەڵە گەورەکانی کوەیت ئەوە بو سەدام بەرەو پێشچونەکانی لەو میرنشینە ڕاگرت و زیاتر بەرەو باشور نەڕۆیشت، کەوا بڕیار بو بۆ داگیرکردنی کێڵگە نەوتییەکانی میرنشینی یەکگرتوی عەرەبی بڕوات، بۆیە سەدام پێی وابو تیشکی سەوزی لە ئەپریل کلاسپییەوە دەستکەوتوە تاوەکو کوەیت داگیربکات (کۆگلن، ٢٠١٤، ٣٨٤).

دوای ئەوەی بەتەواوی کوەیت داگیردەکات دەست بەسەر هەمو جومگەکاندا دەگرێت، بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و کۆمکاری عەرەبی و کۆنگرەی ئیسلامی خستە ژێرپێ، بەم کارەی وڵاتانی عەرەبی و جیهانی توشی شۆک و سەرسوڕمان کرد، لەبەرامبەردا توشی هەڵوێستی توندی وڵاتان لە ناکاو بوەوە، جگەلەوەی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی چەند بڕیارێکی قورسی بەسەردا سەپێنرا، دوبارە توشی قەیران و زەرەر و زیانێکی زۆری ئابوری گیانی بۆوە، هیچ جەنگێک بێ زەرەر و زیان نابێت جەنگی عێراق – کوەیت بەهەمان شێوەی جەنگەکانی تر زەرەری ئابوری، گیانی زۆری لێکەوتەوە (کوتشیرا، ٢٠٠٧، ٧٦)، بەپێی ئەو بەڵگە و ڕاپۆرتانەی لە (٢)ی ئابی (١٩٩٠) بۆ (٢٧) شوباتی (١٩٩٠)، بڵاوکرانەوە ژمارەی کوژراوەکانی کوەیت بە سەرباز و خەڵکی سڤیلەوە بە (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار کەس مەزندە دەکرێ و نزیکەی (٣٠٠،٠٠٠) سێ سەد هەزار

کەسیش بریندار بون، دو ملیۆن و نیو کەسیش ئاوارەبون و ناچاربون کە ماڵ و شوێنی کاریان جێبهێڵن، و زەرەرە ئابوریەکانیش (١٧٠) ملیار دۆلاری تێپەڕاند، جگە لەو زەرەر و زیانەی بەر ژینگەی کوەیت کەوت دوای ئەوەی عێراق هەستا بە تەقاندنەوەی (٧٠٠) بیری نەوتی کوەیت (کریستۆڵ، ٢٠٠٧، ٤٨، ٤٩).

لە ڕاپۆرتی میری ویلایەتە یەکگرتوەکان لە ساڵی (١٩٩٢)دا حیسابی ئەشکەنجەدان تا مردن، لە کاتی داگیرکردنی کوەیتدا، بە زیاتر لە (١٠٠٠) هەزار کوەیتی دەخەملێنرێت، لە ڕاپۆرتێکی تری بڵاوکراوەی وەزارەتی دەرەوە لە ساڵی (١٩٩٣)دا ئاماژەی پێدراوە، هێزەکانی عێراق لە کوەیت دژی سڤیلە کوەیتیەکان کۆمەڵێ تاوانی نا مرۆڤانە و دڕندەی بون وەک لێدانی شۆکی کارەبا لە شوێنە هەستیارەکانی لەش لە (لوت، دەم، ئەندامی زاوزێ، مەکینەی هەڵکۆڵینی کارەبا بۆ کونکردنی سنگ و قاچ و قۆڵ) بەکارهاتوە، قوربانیەکان تا ئێسک شکاندن لەبەر ئەشکەنجەدان و لێدان بون، کەللە سەریان تێکشکاند و دەم و چاویان تێکداون و (٣٥٣) منداڵی تەمەن یەک ساڵ بۆ سیانزە بە هۆکار و بیانوی جیاوازەوە کوژراون، چەندین کاری تەزویر و نایاساییان دەکرد کە هەمو ئەمانە زەرەر و زیان بون بۆ کوەیت (محمد، ٢٠١٥، ٨٢، ٨٣).

بەدرێژایی شەش مانگ وڵاتی کوەیت دوچاری پرۆسەیەکی گەورەی تاڵان و وێرانکردن و کوشتن و برینی گەورە بوەوە، لەسەر دەستی سوپای عێراقی بەتایبەتی گاردی کۆماری و پیاوەکانی عودەی و قوسەی کوڕەکانی سەدام و دەست و پێوەند و نزیکەکانی، هەناردەکردنی نەوت بەڕێژەیەکی زۆر کەمی کرد، گیانلەبەرە ئاوییەکان دەمردن و بۆگەنیان دەکرد، خەڵکی کوەیت بەشێوەیەکی گشتی لە بارودۆخێکی خراپی ئابوری و تەندروستیدا دەژیان، لەو کاتەی عێراق چنگی لە کوەیت قایم کرد، ئەرکی ژێر دەستەکردنی بەرهەڵستکاران و کۆنترۆڵکردنی بە عەلی حەسەن ئەلمەجید و حسێن کامل و کامل سەبعاوی ئیبراهیم سپێردرا، ئەوانە پشتیوانیان لە لایەن یەکەکانی موخابەرات و سوپای میللییەوە (جیش الشعبی ) لێدەکرا کە هێنرابون بۆ کوەیت، بەرهەڵستکارە سەرەکیەکان گیران و لەسێدارەدران، لە هەموی گرنگتر تاڵانکردنی سەروەت و سامانی کوەیت و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی بەشی زۆری ژێرخانی ئەو وڵاتە بو، وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆر سەرباز بەدیل و بێ سەروشوێن کردنی چەندین سەرباز لەکاتی بەدیل گرتنیان کە هەمو ئەمانە زەرەر و زیانێکی گەورەی، ئابوری و گیانی بون بۆ سەر کوەیت، پیسبونی ژینگە و تێکچونی باری تەندروستی خەڵک ئەمەش بەیەکێکی تر لە زیانەکان هەژماردەکرێت (مار، ٢٠١١، ٣٧٥).

لە ئەنجامی ئەو دەستدرێژی و داگیرکاریانەی عێراق بەرامبەر بەکوەیت ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نزیکەی (٣٠) بڕیاری دەرکرد وەک نارەزایەتییەک لە دژی ئەم داگیرکارییەی عێراق و سزای جۆراوجۆری بەسەردا سەپاند بۆ ناچارکردنی تاوەکو لە خاکی کوەیتدا بکشێتەوە، یەکێک لەو بڕیارانەش بڕیاری (٦٦٠) بو کە لە (٢)ی ئابی (١٩٩٠)دا لەدژی عێراق دەریکرد، کە لەو بڕیارەدا هاتبو دەبێت عێراق بەبێ هیچ مەرجێک سوپا و هێزەکانی لە خاکی کوەیت بکشێنێتەوە، سەروەری نیشتیمانی کوەیت لەلایەن هاوپەیمانەکانییەوە پارێزگاری لێدەکرێت، دواتر بڕیاری (٦٦١) لە (٦)ی ئابی هەمان ساڵدا دەرچو، کە لەو بڕیارەدا ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نیگەرانی خۆی ڕاگەیاند بەرامبەر بە درێژەدان بە داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە، هەر لەو

بڕیارەشدا ئابلۆقەی ئابوری خستە سەر عێراق و بڕیاریدا هیچ هاوكارییەكی ئابوری حكومەتی عێراقی نەكرێت و بەپێچەوانەشەوە لەدژی عێراق هاوكاری كوەیت بكرێت (مەسیفی، ٢٠١١، ٨٧).

هاوكات داگیركردنی كوەیت درێژەی پێدەدرا لەلایەن عێراقەوە ئەنجومەنی ئاسایشیش بەردەوام بو لە نواندنی هەڵوێستێكی نەرم و نیان و بە ئامانجی كشانەوەی عێراق لە خاكی كوەیتدا، بەڵام عێراق بەردەوام بو لە سەركێشییەكانی و گوێی بۆ داواكارییەكانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نەدەگرت و ئەویش بەردەوام بو لە دەركردنی بڕیارەكانی و لە (٨)ی ئابی (١٩٩٠)دا و بەپێی بڕیاری (٦٦٢) بەهەمو شێوەیەك دژی لكاندنی كوەیت بە عێراقەوە وەستانەوە، كە عێراق ئەو وڵاتەی كردبو بە نۆزدەیەمین پارێزگای خۆی، بۆیە داوای لە عێراق كرد كە بڕیاری لكاندنی كوەیت بە عێراقەوە هەڵبوەشێنێتەوە، دواتریش بڕیاری (٦٦٤) دەرچو، ناوەڕۆكی ئەو بڕیارە پاراستنی ژیانی دیپلۆماتكارە بیانییە نێودەوڵەتییەكانی لەخۆگرتبو، كە عێراق بەدیلی گرتبون و وەك قەڵغانی مرۆیی لەدژی هاوپەیمانان بەكاریدەهێنان، لە بڕیارەكەدا هاتبو و داوا لە عێراق كرابو كە یارمەتی ئەو دیپلۆماتانە بدرێت و ئازاد بكرێن و بگەڕێنەوە وڵاتەكانی خۆیان (العنزی، ٢٠١٣، ٢٠٦).

شایەنی باسە سەرجەم بڕیارەكان لە بنەڕەتدا یەك ناوەڕۆكیان لەخۆگرتبو، كە ئەویش كشانەوەی سوپای عێراق بو لە خاكی كوەیت و وازهێنان لەو داگیركارییە، بۆیە ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ئەو مەبەستە چەند بڕیارێكی دیكەی دەركرد، كە دیارترینیان بڕیاری (٦٦٥) و (٦٦٦) بون كە لە (٩)ی ئاب و (١٣)ی ئەیلولی (١٩٩٠) لە دژی داگیركاریەكەی كوەیت بو لەلایەن عێراقەوە، كە ئەم بڕیارانەش جەختیان لەسەر ئەوە دەكردەوە كە دەبێت هاوكاری مرۆیی وەك (خۆراك، دەرمان) پێشكەشی لێقەوماوانی جەنگی عێراق و كوەیت بكرێت، دواتریش بڕیاری (٦٦٧) لە (١٩)ی ئەیلولی هەمان ساڵدا دەرچو، كە ناوەڕۆكی بڕیارەكە پاراستنی قونسوڵخانە بیانییەكان و بارەگاكانیانی لەخۆگرتبو و داواشی دەكرد هەوڵبدرێت بۆ دەستنەخستنە ناوەوەی كاروباری ئەم قونسوڵخانانە لەلایەن عێراقەوە.

هاوكات بڕیاری (٦٧٤)یش كە لە (٢٩)ی تشرینی یەكەمی هەمان ساڵدا دەرچو بۆ پاراستنی خەڵكی كوەیت و سەروەت و سامانەكەیان بو، كە بەپێی ئەو بڕیارە بەوردی چاودێری بارودۆخەكە دەكرا، بۆ ئەوەی عێراق هەوڵ نەدات خەڵكی كوەیت دەربەدەر بكات و عێراقیەكانی تێدا نیشتەجێبكات (ولیم ، ١٩٩٤،ص ٨١ )(مەسیفی، ٢٠١١، ٨٠).

دواتریش بڕیارەكانی (٦٧٧) و (٦٧٨) لە (٢٨-٢٩)ی تشرینی یەكەمی هەمان ساڵ دەرچون لەلایەن نەتەوە یەكگرتوەكانەوە، بەپێی بڕیاری نەتەوە یەكگرتوەكان دژایەتی خۆیان بۆ عێراق دەربڕی كە عێراق دەیەویست ناسنامەی كوەیتییەكان بگۆڕێت و ناسنامەی عێراقیان بەسەردا بسەپێنێت، داوایان لە عێراق كرد كە سنوری كوەیت جێبهێڵێت و هێمنی و ئاسایشی بۆ كوەیتییەكان بگێڕێتەوە (العنزی، ٢٠١٣، ٢٠٦، ٢٠٧).

بەرلەوەی جەنگی ئازادی كوەیت دەستپێبكات لەلایەن هاوپەیمانانەوە، یەكێتی سۆڤیەت بەردەوام هەوڵی چارەسەری ئاشتیانەی دەدا و داوای لە ڕای گشتی نێودەوڵەتی دەكرد كە ئەگەر چارەسەری كێشەی فەلەستین بكرێت ئەوا دەرگایەك بەڕوی كێشەی عێراق و كوەیتیشدا دەبێتەوە و بەبێ قوربانیدان و جەنگ ئەمریكا دەتوانێت پاشەكشە بە عێراق بكات، بۆیە گورباچوڤ لەگەڵ (سرگێی ئاخرۆمیف)ی ڕاوێژكاری سوپای سۆڤییەتی چوبوە

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036 گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین Journal of University of Raparin

هلنسكی و ئاگاداری ئەمریكای كردەوە كە عەمەلیاتی سوپایی زیانی گیانی زۆری پێ دەوێت، هەروەها لەوەشی دڵنیاكردنەوە كە جەنگ بەس بەهێزی ئاسمانی ئەنجامی نابێت (موكری، ١٩٩٢، ٣)، لێرەشەوە لە كۆنگرێسی ئەمریكا و هاوپەیمانەكانی لە (١٢)ی كانونی دوەمی (١٩٩١)دا بڕیاری ڕاگەیاندنی جەنگدا و دوا مۆڵەتیش بۆ كشانەوەی سوپای عێراق لە خاكی كوەیت (١٥)ی كانونی دوەم دیاریكرا، سەرەنجام لەدوای ئەو بەروارە جەنگەكە دەستپێكرد و لە بەرەبەیانی (١٧)ی كانونی دوەمی (١٩٩١)دا هێرشكرایە سەر سوپای عێراق لە خاكی كوەیتدا و هێزەكانی ئەمریكا و هاوپەیمانان ناوەند و بارەگا سەربازییەكانی عێراقیان لەو خاكەدا بۆردومان كرد، پاشان واشنتۆن ڕایگەیاند ئەوە سەرەتای كردەوەیەكی سەربازییە بەناوی گەردەلولی بیابان (عاصفه الصحراو) (عەلائەددین، ٢٠٠٧، ٦٠).

هاوكات لە پێناو ڕزگاركردنی كوەیتدا (٣٨) دەوڵەت لە هاوپەیمانان لەگەڵ ئەمریكا بەشداریان لەم جەنگەدا كرد، كە سوپای سەرجەم ئەو وڵاتانە پێكدەهات لە (٧٥٠) هەزار سەرباز و (٣٦٠٠) تانك و (١٨٠٠) فڕۆكەی جەنگی و (١٥٠) كەشتی دەریایی، سەرەتای دەستپێكردنی جەنگەكەش لەلایەن هێزی ئاسمانییەوە بو، كە سوپای هاوپەیمانان توانیان سوپای عێراق تێكبشكێنن، دواتریش هێرشی وشكانی و پیادە بە بەشداری سەرباز و تانك و زرێپۆش دەستی پێكرد و تەواوی ئەو سوپا تێكشكاوەی عێراقیان خاپور كرد كە هێرشە ئاسمانیەكان وێرانیان كردبو، بەم شێوەیەش ئەمریكا و ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاریاندا كە جەنگەكە بوەستێنن، بەڵام بە مەرجی ئەوەی سوپای عێراق ئامادەبێت بۆ خۆ بەدەستەوەدان و ملكەچیش بێت بۆ داواكانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بۆ ئەو مەبەستەش لە (٢)ی ئاداری (١٩٩١)دا گفتوگۆ لەنێوان سەركردایەتی سەربازی هێزەكانی هاوپەیمانان و سەركردایەتی سەربازی عێراق لە (چادرگەی سەفوان) دەستی پێكرد و بڕیاری (٦٨٦) دەركرا بە مەبەستی ڕاگرتنی هێرشی سەربازی ئەمریكا و دەوڵەتە هاوپەیمانەكان بۆ سەر عێراق، ئەویش دوای ئەوەی عێراق بەڵێنیدا سەرجەم بڕیارەكانی ئەنجومەنی ئاسایش جێبەجێ بكات، ( الجلبی ، ١٩٩٦، ص٣٥) دوای تێكشانی سوپای عێراق بەرامبەر بە هێزی هاوپەیمانان لە جەنگی گەردەلولی بیاباندا، عێراق وەک وڵاتێكی تێكشكاو بە كۆمەڵێک زەرەرو زیان دەركەوت، بەڵام سەدام ئەو جەنگەی بە (ام المعرک) وەسفكرد و خۆشی وەک سەركردەیەكی سەركەوتوی جەنگەكە نیشاندەدا، لەبەرئەوەی كە یەكەمین سەركردە بوە لە مێژوی عەرەبدا توانای ڕوبەڕوبونەوەی هەبێت بەرامبەر بە(٣٠) وڵاتی زلهێز (مەسیفی، ٢٠١١، ١٥٥).

هاوكات بەهۆی ئەم جەنگەوە كارەساتێكی گەورە بەسەر عێراقدا هات لەلایەنی ئابوری و سەربازییەوە، كە گەورەترین دۆڕاندن بو لەلایەن سەركردەیەكی عەرەبەوە بەرامبەر بە هەمو جیهان، كە بەهۆی جەنگەوە ئابوری عێراق بەتەواوەتی داڕما و ژمارەیەكی بێ شومار لە سەربازەكانیشی تیاداچون و سەرەڕای ڕاكردنی بەشێكی زۆری سوپاكەی و لەدەستدانی چەندین جۆر چەكی قورس و سوک، بەپێی ئامارەكان لەماوەی شەش هەفتەی جەنگەكەدا نزیكەی (٨٢) هەزار سەربازی عێراقی كوژران، هەندێک داتاش ژمارەی كوژراوانی سوپای عێراقیان بە (٧٠– ١٠٥) هەزار كەس خەمڵاندوە، سەرەڕای كوژرانی (٧) هەزار هاووڵاتی مەدەنی، هەروەها بە سەدان تانك و زرێپۆش و دەبابە كە عێراق بە سەدان ملیار دۆلار كڕیبونی لەناوبران و بەتێكشكاوی لەبەرەكانی

جەنگ بەجێمان، جگەلە تێکشکانی سەدان فرۆکەی جەنگی و بارهەڵگر (شعبان، ١٩٩٤، ٥٤؛ الجلبی، ١٩٩٦، ص٣٩).

دوای ئەو تێکشکانەش ئەمریکا چەندین بڕیاری جۆراوجۆری بەسەر عێراقدا سەپاند، کە لە دیارترینیان بڕیاری (٦٨٧)ی (٣)ی نیسانی (١٩٩١) بو، کە لەو بڕیارەدا هاتوە دەبێت یەکێتی خاکی کوەیت بپارێزرێت و سەلامەتی و شەرعیەتی دەسەلآت بۆ خەڵکی کوەیت بگەڕێتەوە، سەرەڕای دیاریکردنی سنور و قەرەبوکردنەوەی کوەیت لەلایەن عێراقەوە و دانپێدانانی عێراقیش بە کوەیت وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دەرخستنی چارەنوسی سەرجەم گیراو و بێسەر و شوێنانەکانی کوەیت و لەناوبردنی چەکە کۆکوژییەکانی عێراق خاڵێکی تر بو (سیمۆنس، ١٩٩، ٣١).

هەروەها سەپاندنی بڕیاری (٧١٢)ی (١٩)ی ئابی (١٩٩١)ی تایبەت بەلایەنی ئابوری بەسەر عێراقدا لەلایەن نەتەوە یەککرتوەکانەوە خاڵێکی زۆر گرنگ بو، کە بەپێی ئەو بڕیارە عێراق سەرەڕای زیانە مادییەکانی خۆی و سەپاندنی قەرەبوکردنەوە بۆ وڵاتانی زیانلێکەوتو هەروەها بڕیاردرا ڕێگە بدرێت بە عێراق بایی (١،٦) ملیار دۆلار نەوت بفرۆشێت و بە پارەی ئەو نەوتەش پێداویستییەکانی خەڵکی عێراق بەبێ جیاوازی لە خۆراک و دەرمانی پێ دابین بکات (الجلبی، ١٩٩٦، ص٥٢)؛ (مەسیفی، ٢٠١١، ١٥٨).

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە (٥)ی تەموزی (١٩٩٠) بەپێی بڕیاری (٦٦٠) سزای ئابوری بەسەر عێراقدا سەپاند، بەپێی ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەککرتوەکان لەماوەی سالانی (١٩٩٠-١٩٩١) نیو ملیۆن منداڵی عێراقی بەهۆی بەدخۆراکی گیانیان لەدەستدا، پروپاگەندەی بەدخۆراکی و مردنی پێش وەخت لەناوەندەکانی منداڵە هەژارە عێراقیەکاندا بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبۆتەوە، بەدخۆراکی بەپلەی یەکەم توشی ئەو منداڵە شیعانە ببو کە خێزانەکانیان بەدەست فشارەکانی کوشتن و بڕیبونەوە ناڵاندبویان، کە دەزگاکانی هەوڵگری سەر بە سەدام حوسێن لەدژیان ئەنجامی دەدا، ئەمە جگە لە پاسەوانی کۆماریش زۆرجار خێزانە شیعەکان لە پسولەی بەشە خۆراک بێبەش دەکران و منداڵەکانیشیان لەبرسان دەمردن، ئەوانەشیان کە نەخۆش دەکەوتن دەگواسترانەوە بۆ ئەو جۆرە نەخۆشخانانەی کە کەمترین و خراپترین دەرمانیان تێدابو، بەمشێوەیە ژیانی گەلی عێراق بەهۆی جەنگەکانی سەدامەوە بەتەواوەتی وێران ببو (بریمەر، ٢٠١٢، ٥١).

بەرلەوەی عێراق دوچاری جەنگ بێتەوە لەڕوی کەرتی تەندروستی و هۆیەکانی ژیانی خەڵک یەکێک بو لە وڵاتە پێشکەوتوەکان، بەڵام دوای دۆڕاندنی جەنگەکان و بەهەدەردانی ئابوری وڵات دوچاری گەورەترین قەیران بوەوە، بەجۆرێک سوپای عێراق دەستیکرد بە کوشتار و تاڵانکردنی ماڵ و سامانی گەلەکەی و شارۆچکەکانی بەخەڵک چۆڵکرد و گوندەکانی تەختکردن و ڕوبار و دورگەو زەلکاوەکانی وشککردن وشیعەکانی ناوچەکەی ناچارکرد خانوەکانیان جێبهێڵن و شوێنەکانیان بون بە سەربازگە، هەتا ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) زەلکاوەکانی خواروی عێراق بە لاشەی سەدان هەزار عێراقی شیعە پڕدەکرانەوە، ئەمانە بە (عەرەبی زۆنگاوەکان) ناسرابون لەناو زەلکاوەکاندا ژیانیان بەسەر دەبرد، سوپای عێراقیش فەرمانی پێدرابو بە پاکتاوکردنی دانیشتوانی ناوچە ڕاپەڕیوەکان (کاپلان و کریستۆڵ، ٢٠٠٧، ٣٤؛ کوتشرا، ٢٠٠٧، ١٣٥).

لە (٢)ی ئازاری (١٩٩١) شیعەکان لە شاری بەسرە لەدژی دەسەڵاتی بەعسیەکان ڕاپەڕینیان سازکرد ئەم ڕاپەڕینە سەرجەم هێزو ڕێکخراوە سیاسیە بەرهەڵستکارەکانی عێراق و کوردستانی هێنایە دەنگ و گردبونەوە، ئەوانیش ڕێکخراوەکانی (یەکێتی ژنانی نیشتیمان، یەکێتی نیشتیمانی عێراق، یەکێتی ئیسلامی تورکمانی عێراق، دەستەی عێراقی سەربەخۆ، پارتی یەکبونی کوردستان...هتد)، لە (٥)ی ئازاری هەمان ساڵ کوردەکانیش لە شاری ڕانیەوە ڕاپەڕین و تەواوی خاکی کوردستانیان لە بەعسیەکان پاک کردەوە (أبوبکر، ٢٠١٧، ٨٨-٨٩)، بەڵام لە ڕۆژی (١٩)ی ئازاردا جارێکی تر بەعسییەکان لە کەرکوکەوە هێرشەکانیان بۆ سەر کوردستان دەسپێکردەوە و کوردەکان بەرەو ئێران ئاوارەبون (مستەفا، ٢٠٠٩، ٣٩٧، ٣٩٨)، بە دەیان منداڵ و نەخۆش و پیر لەڕێگادا مردن بەهۆی سەرما و برسیەتی و سەختی ڕێگاکان، بە سەدان هاووڵاتی بە منداڵ و پیر و گەنجەوە لە خێزانەکانیان دابڕابون، ئەم دیمەنانە لە هەمو شوێنێکی جیهان بەهۆی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان بڵاوبونەوە (کۆچیرا، ٢٠١٣، ١٥٧)، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە (٥)ی نیسانی (١٩٩١)دا بڕیاری مێژویی (٦٨٨)ی دەرکردو هێڵی (٣٦)ی کرد بە شوێنی ئارام بۆ کوردان (No Flay Zoon)، کە قەدەغەکرا جارێکی تر حکومەتی بەعس هێرش بکاتەوە سەر دانیشتوانی ناو هێڵەکە و هەروەها فڕینی فڕۆکە و هیلیکۆپتەری عێراقی قەدەغەکرد بەسەر ئەم هێڵەدا بفڕێت، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش بەو فڕۆکانەی کە لە فڕۆکەخانەی (ئەنجەرلیک)ن ئەم هێڵە دەپارێزێت (ڕەسوڵ، ٢٠٠٧، ٢٢).

ئابوری عێراق ڕۆژ بەدوای ڕۆژ بەرەو دارمان دەچو، کە ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی نەرێنی بەسەر گەلی عێراقەوە بەجێدەهێشت، کە خۆی دەبینیەوە لە بڵاوبونەوەی نەخۆشی و برسی بون و بەدخۆراکی لەناو منداڵانی عێراقدا و بڵاوبونەوەی داوێن پیس و نزمبونەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری، نرخی خۆراک بەرزبونەوەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی (عمر، ٢٠٠٥، ٨٧، ٨٨).

سەپاندنی دەیان بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوەیەکگرتوەکان بەسەر عێراقدا کاردانەوەی زۆر خراپی دروست کردبون تەنانەت عێراق ئەو پارەیەی لە فرۆشتنی نەوت کە لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتوەکان دەیفرۆشت بڕێکی زۆری بۆ قەرەبوکردنەوەی زیانەکانی کوەیت و کڕینی خۆراک بۆ خەڵکی عێراق دابیندەکراو حکومەتی عێراق نەیدەتوانی بە ئارەزوی خۆی مامەڵە بە پارەی فرۆشراوی نەوتەوە بکات (تريب، ٢٠٠٦، ٢٤٨)؛ (سعيد، ٢٠٠٥، ص١٣٣).

هەر لەم بارەیەوە بەشی مرۆیی ئەنجومەنی ئاسایش ڕایگەیاند کە نزیکەی چوار ملیۆن لە خەڵکی عێراق لە هەژاریەکی سەختدا دەژین کە (٪٤٠)ی دانیشتوانی پێکدەهێنن، هەڵاوسانی ئابوری وڵات گەیشتە سەروی (٪١٠٠) و ڕێژەی بێکاریش گەیشتە (٪٥٠) بەمەش نرخی دیناری عێراقی دابەزینی بەرچاوەی بەخۆیەوە بینی (بريمەر، ٢٠١٢، ٩٣، ٩٤).

ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەر بەوەوە نەوەستان بەڵکو بڕیاریاندا سەرجەم چەکە کۆمەڵکوژو مەترسیدارەکانی عێراق بە تەواوی لەناوبەرن بەمەش عێراق لە دەوڵەتێکی بەهێزی سەربازی و ئابوری بو بە لاوازترین و تێکشکاوترین دەوڵەت لەڕوی ئابوری و سەربازی (ستانسفیلد، ٢٠١٠، ١٣٩).

## بەشی سێیەم:

## کاریگەری بڕیاری سەپاندنی گەمارۆی ئابوری و سەرهەڵدانی ڕاپەڕین لە باشوری کوردستان

دەرکردنی بڕیاری ٦٦١ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە مانگی ئابی ١٩٩٠ و سەپاندنی بەسەر عێراقدا (United Nations Security Council Resolution 660، The Situation between Iraq and Kuwait،1990) (S/RES/660)) بەو ئامانجەی عێراق ناچاربکات سوپاکەی لە کوەیت بکشێنێتەوە، کاریگەری و کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنان هەرچەندە بڕیارەکە کڕین و دەرمان و خۆراکی بە دانیشتوانی عێراقی بەدەرکردبو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کاریگەرییەکانی لەسەر ژیانی خەڵک بەدیاردەکەوت.(الخالدی، ١٩٩١. ص٢٣-٧٦)

عێراقییەکان بەهۆی تێکدانی ژێرخانی ئابوری دەیاناڵاند، وێستگەکانی پەیوەندی و کارەباو کارگەو دامەزراوەو کێڵگەکانی بەرهەمهێنانی نەوت و عەمبارەکانی گەنم و پێداویستییەکان و ناوەندەکانی بازاڕو بازرگانی و بەنداوەکانی ئاو وێستگەکانی دابەشکردنی ئاوی ماڵان و زۆربەی لایەنەکان و دامەزراوە گرنگەکانی دەوڵەتی عێراق کەوتە ژێر باری قورسی ئەم بڕیارەو مەترسی هێرشکردنە سەریان لەسەر بو، ماوەی ٤٢ ڕۆژ لە هێرشی ئاسمانی و زەوی بەر خاپورو وێرانبون کەوتن. (الجمالی، ١٩٩٢، ص٨٩) www.aljazeera.net

هەر لەو ماوەیەدا نزیکەی ٢٣ هەزار توێژەرو زاناو مامۆستای زانکۆو دکتۆری پسپۆرو ئەندازیاری دیاری کراو عێراقیان بەجێهشتو چونە تاراوگەن ئەم ئابلۆقەیە لە هەمو بوارەکانی تەندروستی گشتی و ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و زانستی و ئابوریدا ئەنجامی ترسناکی بەجێهێشت، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١ هەڵئاوسان ٠٠٠، ٢٤٪ بو بۆ هەر ساڵێک، جگەلەوەش دەوڵەتی عێراق بەداگیرکردنی کوەیت و سەپاندنی گەمارۆی ئابوری هاوسۆزی وڵاتانی جیهانیشی لەدەستدا، چونکە عێراقیان بە ڕژێمێکی دکتاتۆرو کارەساتبار لە قەڵەم دەدا (www.aljazeera.net)

گەمارۆ ئابورییەکان و هێرشی ئەمریکاو هاوپەیمانەکان بۆسەر دامەزراوە خزمەتگوزارییەکانی عێراق بەتایبەت بواری پیشەسازی و تەکنەلۆجیاو کشتوکاڵ و بازرگانی ڕێژەی بێکاری و کەمبونەوەی دەرامەت ڕۆژ بە ڕۆژ تەنگی بە ژیانی خەڵکی عێراق هەڵدەچنی ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر تێکچونی شیرازەی کۆمەڵایەتی دروستکردن بەتایبەت پەیدابونی بەرتیل وەرگرتن لە دامەزراوەکانی حکومەت و دزی و بڵاوبونەوەی فەسادی و خۆکوشتن و قاچاخچێتی و لەشفرۆشی و بەدکاری هەرزەکاران و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر، ئەمەش بەهۆی کوژرانی سەدان هەزار سەربازی عێراق لە هەردو جەنگی یەکەم و دوەمی کەنداو کە بوە هۆی ئەوەی سەدان هەزار ژن و منداڵ بێ سەرپەرشتیار بمێننەوە. کە دڵنیاییدان بو لە ناهاوسەنگی جدی لە پێکهاتەی کۆمەڵگای عێراق دەکاتەوە. (الخالدی، ١٩٩١. ص٢٣-٧٦)

بەندە بنەڕەتییەکانی بڕیاری گەمارۆدانەکە هەمو جۆرە مامەڵەیەکی بازرگانی لەگەڵ عێراق و بەستنەوەی سەرمایەکانی لە دەرەوەی وڵات قەدەغە کرد، لە ساڵی ١٩٨٩دا کۆی بەرهەمی ناوخۆیی عێراق ٧٥.٥ ملیار دۆلار

بو، بەم پێیەش داهاتی تاکەکەس ٣٥١٠ دۆلاربون بەلام لە ساڵی ١٩٩١ بۆ ١٥٠٠ دۆلار دابەزینی بەخۆیەوە بینی و لە ساڵانی دواتریشدا داهاتی تاکەکەس بۆ ١٠٣٦ دۆلار دابەزی. (الجلبی، ١٩٩٦، ص٩٣)

لەدوای گەمارۆ ئابوریەکە حکومەتی عێراق نەیتوانی هیچ برێک لەبەرهەمهێنانی پیشەسازی ناوخۆ بەرزبکاتەوە بۆ نمونە ڕستن و چنین، هەورەها سیستەمی ئاودێری کشتوکاڵی تەواو توشی قەیران ببون حکومەتی عێراق نەیدەتوانی پرۆژەی ئاودێری و پێویستیەکانی جوتیاران بۆ کێڵگە کشتوکاڵیەکان دابینبکات، جگە لەوەش حکومەتی عێراق نەیدەتوانی تۆڕە تەلەفونییەکان و هێڵەکانی کارەباو ڕێگاو پرۆژەکانی ئاو چاک بکاتەوەو بیانگۆڕیت نەیدەتوانی دەرمانی پێویست بۆ نەخۆشخانەکان و چاودێری تەندروستی دابین بکات، چونکە نەیدەتوانی کەلوپەلی پێویست لە دەرەوە هاوردە بکات، ئەوەی هاوردەشی دەکرد برێکی کەم بو لە ژێر چاودێری وردی نەتەوە یەکگرتوەکان و ئەنجومەنی ئاسایش و هاوپەیمانەکاندا بو لە چوارچێوەی بڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراک بو (صالح خلف صالح، ٢٠١٠، ص١١٠).

زۆربەی کارگەکان بەبێ کرێکارو شارەزا مابونەوە حکومەتی عێراق نەیدەتوانی موچەی کارمەندانی دەوڵەت وەک پێش داگیرکردنی کوەیت دابینبکات و بڕی موچەشی زۆر کەم کردبۆوە، بەشێکی زۆر لە مامۆستاو فەرمانبەرو ئەندازیار، لەسەرجادەکان دەبینران کە خەریکی کاری تربون کە لەگەڵ پیشەکەی خۆیان نەدەگونجان ئەمەش تەنها بۆ پەیداکردنی برێک لە پارە بو بۆ بژێوی ژیانی ڕۆژانەیانن ڕۆژ بە ڕۆژیش نرخی خواردەمەنی و پێداویستییەکان لەبەرزبونەوەدا بو، تەنانەت حکومەتی عێراق بە بڕیاری سەدام حسێن ژمارەیەکی لە بازرگان و دوکاندارەکان لە سێدارەدا بە بیانوی ئەوەی نرخی پێداویستییەکانیان بەرزکردبۆوە.

هەروەها بڕیاری ٦٦١ ی ئەنجومەنی ئاسایش لە گەمارۆدانی ئابوری بەسەر عێراق ڕاستەوخۆ کاریگەری کردە سەر ڕێژەی مردنی منداڵان و بڵاوبونەوەی نەخۆشی کوشندە لە ناو منداڵاندا لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانی عێراقدا ڕێژەی مردن بۆ هەر ١٠٠ منداڵێک لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ بە دواوە بریتیبوە لە ٥٠ منداڵ ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە بە بەراورد بە ساڵی ١٩٨٨ و پێشتر. هەروەها بڵاوبونەوەی بەدخۆراکی لە نێوان منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵدا لە ١٢ % بۆ ٢٣٪ لە نێوان ساڵانی کۆتایی ١٩٩٠ بۆ ١٩٩١ بە دواوە زیادیکردوە. ڕێکخراوی نێودەوڵەتی خاچی سور ڕێژەی مردنی منداڵانی لە عێراق بەمەترسی لەقەڵەمداو هۆشداریدا لەبەردەوام بونی گەمارۆی ئابوری کارەساتی مرۆیی گەورە سەرهەڵبدات. (https://www.aljazeera.net/2004/10/03/%D)

لە ساڵی ١٩٩١ەوە نەخۆشخانەکان و بنکە تەندروستییەکان بەبێ چاودێری ماونەتەوە و پارێزراون و توانای کرداری سیستەمی چاودێری بەهۆی کەمی ئاو یەدەگی وزەو نەبونی ئۆتۆمبێلی گواستنەوەو تێکشکانی سیستەمی پەیوەندی بێتەلەوە زیاتر دابەزیوە، نەخۆشییە توشبوەکانی تاو مەلاریا کە لە ژێر کۆنترۆڵدابون پێش ساڵی ١٩٩٠ دەبینین لەدوای گەمارۆی ئابوری بەڕێژەیەکی زۆر و لەناکاو پەرەیسەندوە (الجلبی، ١٩٩٦، ص١١٣). لە بوار پەروەردەو فێرکردندا جەنگی داگیرکردنی کوەیت و بڕیارو سزا سەپێنراوەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتوەکان ڕێژەی خوێندەواری و فێرکردن بۆ ٢٠٪ کەمبۆوە و خەڵکی عێراق وازیان لە خوێندن دەهێناو خەریکی کارکردن بون، ئەم ڕێژەیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩١ دا بۆ ٥٠٪ کەم بۆوە، واتە ڕێژەی وازهێنان

لە خوێندن ڕۆژبەرۆژ زیادی دەکرد. ئەمەش لەلایەک بۆ ڕوخان و تێکچونی قوتابخانەکانەکان و چاکنەکردنەوەیان و لەلایەکیتر بۆ ئەو ڕێژە زۆری خوێندکاران دەهات کە لە قوتابخانەیەکی ٧٠٠ کەسی شوێنی ٤٠٠٠ چوار هەزار خوێندکاریان دەکردەوە، ئەمەش خوێندکارانی بێزارکردبو ناچاری وازهێنان لە خوێندنی کردبون. /http://www.irfad.org/ar ؛ (https://www.aljazeera.net/2004/10/03/%D)

هەروەها بەپێی ڕاپۆرتی یونسکۆ وازهێنان لەخوێندن لە ساڵی ١٩٩٠ لە ٩٥ هەزار خوێندکارەوە بۆ ساڵی ١٩٩١ بە دواوە بۆ ١٣١ هەزار خوێندکار بەرزبۆوە. هەروەها پێش ساڵی ١٩٩١ سیستەمی ئاوی خواردنەوە لە ڕێگای ڕێکخراوی WHO گەشەی باشی بۆخۆوە بینیبو دانیشتوانی عێراق لە ناوچە جیاوازەکاندا دەیانتوانی سود لە پرۆژە ئاودێرییەکانیان وەربگرن، بەڵام دوای گەمارۆ ئابورییەکان پاککردنەوەی سەرچاوەکانی ئاو فەرامۆش کران و کەمی ئاوی پاک و تەندروست ڕۆژبەۆژ زیاتر دەبو http://www.worldbank.org/education/saber

پێش ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ بارودۆخی باشوری کوردستان زۆر خراپ و دژوار بو، بەتایبەت لەڕوی ئابورییەوە ڕۆژبەڕۆژ کاریگەرییە خراپەکانی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان (عێراق و ئێران ١٩٨٠-١٩٨٨) و جەنگی داسەپاوی کوەیت – عێراق بەدیاردەکەوتن و خەڵکیان دوچاری نەهامەتی و برسیەتی و هەژاری و نەخۆشی دەبون حکومەتی عێراقیش هیچ ڕێگاچارەیەکی وەک چارەسەر پێنەبو، بارودۆخی ئابوری عێراق وا خراپ ببو حکومەتی عێراق نەیدەتوانی خۆی لێدەربازبکات، تەلەفزیۆنی بەغداد ئاماژەی بۆ قەیرانی ئابوری عێراق کردو باسی کەمی خۆراک و دەرمانی کرد، وەزیری بازرگانی ئەوکاتەی عێراق بە ئاشکرا باسی قەیرانی گەورەی ئابوری دەکات و بە مەترسیەکی گەورەش لە قەڵەمی دەدات، داوا لە خەڵکی عێراقیش دەکات کە پێویستە هەست بەو قەیرانە ئابورییە بکەن و بەکارهێنانی خۆراک و پێداویستییەکان کەمبکەنەوە (ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی، ١٩٩٠، ل١١).

حکومەتی عێراق دەیزانی توشی چ قەیرانێکی گەورە بوە بۆیە لەڕێگای پارێزگای پارێزگاکانەوە کۆبونەوەیان بەخەڵک دەکردو خەڵکیان ئاگاداردەکردەوە کە دەبێت دەرامەت بە فیڕۆنەدەن لەم بارەیەوە پاریزگاری سلێمانی کۆبونەوەی بەخەڵک کردوەو داوای ئەوەی کردوە کە دەبێت زۆر ڕەزیلی و خەرجی بکەن و برنج نەخۆن، گۆشت مەخۆن، ئێمە لەشەڕداین بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین خۆمان بگرین، جگەلە ڕادیۆی بەغداد و عێراق نابێت هیچ ڕادیۆیەکیتر بکەنەوە و مەمنوعەو سزا دەدرێن (مستەفا، ٢٠١٦، ل٩٦) ئەوەی لە هەمو جێگای مەترسی بو بۆ خەڵکی کوردستان بەرزبونەوەی نرخی کەلوپەل و شمەک و ئازوقەو خواردەمەنی و سوتەمەنی بو، کە بریتیبون لەپێداویستی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک کە بەم شێوەیە نرخەکان بەرزبۆوە:

| | |
|---|---|
| هەزار کیلۆ ئارد | ٣٧٥ دینار |
| ١ کیلۆ شەکر | ٥٥٠٠ فلس |
| ١ کیلۆ چای کیس | ٢٣ دینار |
| ١ کیلۆ ڕۆن | ١٣ دینار |
| ٥ کیلۆ برنج | ١٨ دینار |
| ١ کیلۆ گۆشتی حەیوان | ٧ دینار |
| ١ کیلۆ گۆشتی مریشک | ٦ دینار |

**نرخی سوتەمەنیش بەم شێوەیە:**

| | |
|---|---|
| ١ لیتر بەنزین | ٣ دینار |
| ١ لیتر گازوایل | ١،٥٠٠ یەک دینارو پێنج سەد فلس |
| ١ بەرمیل نەوت | ٣٥ دینار (مستەفا، ٢٠١٦، ل٩٨) |

سەرەڕای کەمبونەوەی خواردەمەنی لە دوکان و بازاڕەکان، لە ناو سوپای عێراقیش سەربازەکان بێزارببون لە کەمی خواردن و نەبونی سەرچاوەکانی خواردەمەنی ژیانی ڕۆژانەیان، تەنانەت وای لێهاتبو هەر سەربازێک ڕۆژی یەک سەمونی وەردەگرت، بە هۆی ئەم بارودۆخە خراپەوە سەربازەکانی سەربازگەی کەڵەکی یاسیناغا لە پارێزگای هەولێر بەهۆی ئەوەی بە ١٢٠ سەرباز ٨٠ سەمونیان دەدرایە، دەستیان بەناڕەزایی و تورەبون کردوە هەر بە هۆی خراپی خواردنی سوپای عێراق لەکاتی مەشقکردندا لە گۆڕەپانی مەشقی پیادەی سنجار سەربازێک بە ئەفسەرەکەی دەڵێ لە برسان ناتوانم ڕاهێنان بکەم و بەردەوام بم، بەڵام ئەفسەرەکە زۆری لێدەکات و زۆر ئازاری دەدات، ئەویش بە چەکەکەی تەقەی لێدەکات و ئەفسەرەکە دەکوژێت و یەک دو کەسیتر بریندار دەکات و دوایی خۆشی دەکوژێت (مستەفا، ٢٠١٦، ل ٩٨-٩٩).

بەم شێوەیە شکستە گەورەکەی عێراق لە جەنگی کوەیتدا و خراپی بارودۆخی ئابوری و هۆیەکانی ژیان لە عێراقدا وای لە گەلانی عێراق کرد بەتوندی دژی سیاسەتەکانی ڕژێمی عێراق بوەستنەوە، ئەوەبو ڕاپەڕینی شیعە لە یەکەم ڕۆژی مانگی ئاداری ساڵی (١٩٩١)دا لە باشوری عێراق دەستی پێکرد، لە ماوەیەکی کەم دانیشتوانی شاری بەسرە ڕژانە سەر شەقامەکان و توانیان بەسرە ڕزگاربکەن، هەر زو هەواڵی ڕزگارکردنی بەسرە بڵاوبوەوە، بەمجۆرە تەواوی شارە شیعەنشینەکانی باشوری عێراق ڕاپەڕین و شارەکانی وەک (ناصریە، کوت، عەمارە، کەربەلا، حیللە، دیوانیە) لەدەست ڕژێمی بەعس پاککرانەوە (حسین، ٢٠٠٧، ٧).

شکستی ڕژێمی بەعس لە جەنگی کوەیت کاریگەری بەسەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیدا هەبو، بە جۆرێک بەر لە ڕاگەیاندنی جەنگی کوەیت لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقیەوە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی کەوتبوە خۆئامادەکردن و هەڵوەشاندنەوەی نەخشەکانی ڕژێمی بەعس لەداگیرکردنی کوردستان، لەو کاتەدا بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی کە لە هەمو حزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان پێکدەهات هەریەکەیان بەپێی

هێز و توانای خۆیان لەناو جەماوەری كوردستاندا ئامادەكاریان كردبو بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕین، لەناویشیاندا بەپلەی یەكەم یەكێتی نیشتیمانی كوردستان بون، كە دابەشببون بەسەر سێ بەرەدا، بەرەی یەكەمیان لە شاخدا درێژەیان بەخەباتی سیاسی و دیبلۆماسی و ڕاگەیاندن دەدا، بەرەی دوەمیش بەشێوەی مەفرەزە خەباتیان دەكرد، بەرەی سێیەمیش خۆیان دەبینیەوە لەڕێكخستنەكانی ناو شاروشارۆچكەو ئۆردوگاكان، (عەلی، ٢٠٠٧، ١٤).

كاتێک ڕژێمی بەعس پەلاماری كوەیتیدا بەشێكی زۆری هێزە سەربازییەكانی لە ناوچەكانی باشوری كوردستان كشاندەوە بۆ داگیركردنی كوەیت، ئەمەش دەرفەتێكی لەباربو بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردی بۆ ئەوەی ناوچەكانی كوردستان لەدەست ڕژێم پاكبكەنەوە، (نورەدین، ٢٠١١، ٤٤٩).

ئەوە بو ڕۆژی (٧)ی ئادار دیاریكرابو بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەركە، بەڵام بەر لەوادەی دیاریكراو لە ڕۆژی (٥)ی ئاداری (١٩٩١) كاتژمێر (٩:٣٠)ی بەیانی دوكاندارەكانی شاری ڕانیە هەمو دوكانەكانیان داخست و بەهێنان و بڵاوكردنەوەی بەرمیل شەقامەكانی شاریان داخست و ئاگرێكی گەورەشیان كردەوە لەبەردەمی مزگەوتی گەورە (مەرزنگ، ٢٠٠٤، ٩٧)، كاتێک چەكدارانی ڕژێم ئەو بارودۆخەیان بینی كەوتنە ناو بازاڕەوە، یەكێک لە بەرپرسەكانی ڕژێم بەناوی (رفیق عەبدوڵڵا قاسم) هەوڵیدەدا ئاگرە بكوژێنێتەوە و شەقامەكە لە بەرمیلەكان پاک بكاتەوە و دۆخەكە هێمن بكاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش چەند فیشەكێكیان ڕوەو ئاسمان تەقاند، كە ئامانجی سەرەكیشیان دورخستنەوەی خەڵک بو لە ناوبازاڕ (بێ نوسەر، ١٩٩٢، ٣)، بەڵام لەلایەن عەلی نەبیەوە یەكەمین فەرمانی دەسپێكردنی ڕاپەڕین ڕاگەندرا و بەمەش دەستپێک و یەكەمین فیشەكی ڕاپەڕین لە شاری ڕانیە و تەواوی كوردستان تەقێندرا و مەشخەڵی هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینی كوردی لەدژی ڕژێمی بەعس بەدەستەوە گرت (عەزیز، ١٩٩٢، ٢٢).

سەرهەڵدانی ڕاپەڕین پێویستی بە هاندان و پاڵپشتییەكی بەهێز هەبو، بۆ ئەوەی شۆڕشگێڕان و جەماوەری شاری ڕانیە درێژە بەڕاپەڕین بدەن و ساردنەبنەوە، ئەو پاڵپشتیەش پێویست بو لەناوخۆدا هەبێت، بۆیە چەند پێشمەرگە و شۆڕشگێڕێكی وەک (نیازی حەمە عەزیز، خدر كامەلا گولانی، جەمالی عەولا مەرگەیی، عەبدوڵڵا ڕەش، سەلاح جەمال) لەبری بەكارهێنانی چەک لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە بەرەنگاری ڕژێم بونەوە، كە ئێزگەیەكی ڕاگەیاندنیان سەرەتا لەناو مزگەوتی گەورەی ڕانیەدا دانابو و لەو ئێزگەیەوە لەلایەک هانی خەڵک و جەماوەر و شۆڕشگێڕانیان دەدا بۆ درێژەدان بە ڕاپەڕین و لەلایەكی دیكەشەوە پەیامی سەركەوتنیان بە سەركردایەتی هێزی پێشمەرگە دەگەیاند (عەزیز، ٢٠١٣، ٢).

ڕۆژی یەكەمی ڕاپەڕینی شاری ڕانیە كۆتایی هات و شار پاككرایەوە لە سەربازانی ڕژێم، دوای ئەم سەركەوتنە لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە هانی خەڵک دەدرا، (ڕێباز، ١٩٩١، ٥٦).

بۆ ڕۆژی دوەمی ڕاپەڕین كە دەكاتە ڕۆژی (٦)ی ئازار جەماوەر و چەكدارانی شاری ڕانیە لەبەردەم مزگەوتی گەورەی ڕانیە كۆبونەوە و بڕیاریاندا هێرش بكەنە سەر فیرقەی چوارقورنە، لە ماوەی چەند سەعاتێكدا توانیان چیای حاجیلە و ڕەبییەكان پاک بكەنەوە هەندێک لە سەربازانی ڕژێمیش بكوژن، ئەوانەی تریش كە بە سەلامەتی مانەوە بەرەو فیرقە ڕایانكرد، پاشان جەماوەر هێرشی كردە سەر فیرقە و دوای شەڕێكی قورس (قیادەی فیرقە)

خۆی بەدەستەوەدا و نزیکەی (٣٥) ئەفسەری پلەدار خۆیان بەدەستەوەدا، کە لەناویاندا هەریەکە لە (فەرماندەی فیرقە، مدیری منەزەمە، قائمقایمی ڕانیە، مدیری ئەمن) هەبون کە دوای بەدیلگیرانیان ڕەوانەی مزگەوتی ناجیەخان کران، بەمەش ڕاپەڕین لە سنورەکەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و نزیکەی (٢٣٧٠) چەکداری ڕژێم بەدیل گیران، کە ڕژێمی بەعس بەسەرکردایەتی (رئیس أرکانی فەیلەقی پێنج لیوا ڕوکن مجید) ناردبونی بۆ سەرکوتکردنی ئەو ڕاپەڕینەی کە پێشتر نەخشەی بۆ کێشرا بو، بەڵام بە دیلی کەوتنە دەست جەماوەری ڕاپەڕین و چەکدارە شۆڕشگێڕەکان (ڕێوان، ١٩٩٢، ٢؛ ئیسماعیل، ٢٠٠١، ٢٠٢).

بەم شێوەیە بەڕزگارکردنی ڕانیەو چوارقوڕنەو حاجیاواو دەڤەری پشدەر، ڕاپەڕین سەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوەو بە قوربانیدانێکی زۆر توانرا باشوری کوردستان لە ژێر دەستی حکومەتی بەعسی عێراق ڕزگاربکرێ.

## ئەنجام:

لە ئەنجامی خوێندنەوە و شیکردنەوەمان بۆ سەرچاوەکانی نوسینی ئەم توێژینەوە گەیشتین بەچەند ئەنجامێک کە ئەمانەن:

١- یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە بارودۆخی ئابوری و گوزەرانی خەڵک پێش جەنگی عێراق – ئێران و جەنگی داگیرکردنی کوەیت و دوای هەڵگیرسانی جەنگ و ئەو ئەنجامە خراپانەی بەدوای خۆیدا هێنای، کە خۆی لە هەڵوەشانی ژێرخانی ئابوری عێراق بە گشتی و داهاتی تاکە کەس دەبینییەوە بەتایبەت لە کوردستان، کە ژیانی خەڵکی بەڕادەیەکی زۆر نزیک بە مەرگ و لە ناوچون کردبۆوە.

٢- بارودۆخی ئابوری عێراق لەماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا هۆکاری سەرەکی بوە بۆ ئەنجامدان و سەرهەڵدانی ڕاپەڕین لە سەرجەم شاروشارۆچکەکانی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، بە بڕوای من ئەگەر عێراق دوچاری جەنگ و دوژمنایەتی هەرێمی و نێودەوڵەتی نەبوایە توشی کارەساتی وا گەورە نەدەبۆیە کە دواجار بوە هۆی کۆتایهێنان بەو دەوڵەتەو داگیرکردنی لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی.

٣- ڕاستە ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ جگە لە قەیرانی ئابوری، هۆکاری زۆرتری هەیە، بەڵام دواجار بێزاری خەڵک لەو دەسەڵاتە سەرچاوەکەی بریتیبو لەبرسیەتی و هەژاری و ئەو کاولکاریەی بەسەر گوند و شارو شارۆچکەکانی باشوری کوردستانیدا هێنا لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٨دا، بەمەش بەرهەمی ناوخۆیی لادێ و گوندو شارو شارۆچکەکانی لەناوبرد، دواجار بوە هۆی ئەوەی خەڵک پەنابەرێتە بەر هەمو شتێک تەنها بۆ ئەوەی بژێوی خۆی دابین بکات.

٤- ئەنجامێکیتر ئەوەیە سەدام بەهۆی لەخۆباییبون و بە هەڵەدابردنی لەلایەن ئەمریکاوە کە هیچ تەداخولیک لە داگیرکردنی و وڵاتانی تر ناکات کە سوپای عێراق پێی هەستێت، ئەمەش وای لە عێراق کرد بۆ قەرەبوکردنەوەی زیانەکانی جەنگی کەنداوی یەکەم پەلاماری کوەیت بدات، دەیەویست سەرەڕای ئەوەی کە ژێرخانی ئابوری

وڵاتەکەی پێ بەرزبکاتەوە، هەروەها دەیەویست سنوری جوگرافیا و حکومڕانیەکەشی فراوان بکات و وەک دەوڵەتێکی بەهێز دەربکەوێت تاوەکو وڵاتی ئیسرائیل لەناوبەرێت.

٥- خراپی بارودۆخی ئابوری خەڵکی کوردستان، دەرفەت و هۆکارێکی گرنگبو بۆ ئەوەی پارتە بەرهەڵستکارەکانی باشوری کوردستان بیقۆزنەوەو خەڵکی پێ هانبدەن تاوەکو ڕاپەڕین ئەنجام بدەن و کۆتایی بە ڕژێمی بەعس بێنن، ئەمەش لەسەرجەم نوسراو ڕاپۆرت و نامە نهێنییەکانی ئەو پارتانەدا دەردەکەوێت کە بۆ ڕێکخستنە نهێنییەکانی خۆیان ناردبویان، کە بەرزبونەوەی نرخی کەلوپەل و برسیەتی و هەژاری بڵاوبونەوەی فەسادیان کردۆتە ئامرازی هاندانی خەڵک دژی ڕژێمی بەعس.

٦- سەرەڕای پەیڕەوکردنی سیاسەتی زوڵم و زۆرداری بەرامبەر بە گەلی کورد و تواندنەوەیان لەناو بۆتەی عەرەبیدا، بەڵام بە تێکشانی عێراق لە جەنگی دوەمی کەنداودا ئەو خەونەی سەدام نەهاتەدی و خواستەکانی گەلی کورد بۆ ئازادی و ڕزگاری هاتەدی ئەویش سەرهەڵدانی شۆڕش و ڕاپەڕین بو لەلایەن بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیەوە و کوردەکانی باکوری عێراقەوە، بەمشێوەیە یەکەمین دەسەڵاتی کوردی لە باشوری کوردستان دروست بو و یەکەمین حکومەت و پەرلەمان لە پرۆسەی سیاسی کوردیدا دامەزرا.

# Iraq's Economic Situation Between 1988-1991 in Southern Kurdistan

**Aras Abdulrahman Mstafa**
Department of History, College of Humanities, Raparin University, Rania, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** Aras.abdulrahman@uor.edu.krd

**Abstract:**

The economic situation in Iraq between 1988 and 1991 affected the March 1991 uprising discussing ، including research that included several important aspects،in southern Kurdistan which has caused a major ،the economic impact of both the First and Second Gulf Wars ،disaster for Iraq's economic infrastructure and the disintegration of Iraq's financial the spread of ، Including the economic crisis، military and service institutions،administrative bribery، corruption، disease، poverty،hunger all of which ، and many bad subjects that the Iraqi state has suffered from major disasters ، this study consists of three parts. In the first part،have led to the importance of the uprising the ، and in the second part،the impact of the Iraq-Iran war on Iraq's economy is discussed war on the invasion of Kuwait by Iraq and its consequences is explained. The third part is the effect of decision 661 that the security council imposed on Iraq as an economic blockade that completely destroyed the economic and social life of The people of Iraq and Kurdistan.

**Keywords:** Revolution, Iraq, Economy, Collapse.

## سەرچاوەکان:

ئەندرسن و ستانسفیڵد، لیام، کاریپ (٢٠٠٨)، ئایندەی عێراق- دیکتاتۆری دیموکراسی یان دابەشبون، وەرگێڕان: کامیار (خەتاب) سابیر و دڵشاد حەمە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

ئیسماعیل، سەلام حەویز (٢٠٠١)، کوردستانی باشور لە شۆڕشی چەکدارییەوە بۆ ڕاپەڕینی ئازاری نەوەد و یەک، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئازادی، هەولێر.

بابانزادە، کامەران جەمال (٢٠٠٧)، ڕێککەوتننامەی جەزائیر و ڕەهەندەکانی لەسەر کێشەی کورد لە باشوری کوردستان، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

بریمەر، پۆڵ (٢٠١٢)، ساڵەکەم لە عێراق، وەرگێڕان: محمد چیا، چاپی سێیەم، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی.

تەقوش، محەمەد سوهەیل (٢٠٢١)، مێژوی نوێ و هاوچەرخی عێراق، وەرگێڕان: سەربەست جیهاد، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

حسین، ڕزگار (٢٠٠٧)، گەڕانەوە بۆ ئەوکات، ڕۆژنامەی دیکۆمێنتاری ڕاپەڕینی ٥ی ئازار، ژمارە (١).

ڕەسوڵ، فاتیح (٢٠٠٧)، لە پێناو دەستەڵاتدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

ڕەشید، ڕێبوار (١٩٩١)، پرۆژەی کوردستان و گرەو لەسەر ئەسپی تۆپیو، سوید.

ڕێباز (١٩٩١)، نرکەی کوردستان (بەر لە ڕاپەڕین، لەگەڵ ڕاپەڕین، دوای ڕاپەڕین)، بێ چاپ،

ستانسفیلد، گەراس ئار. ڤی (٢٠١٠)، کوردستانی عێراق، پەرەسەندنی سیاسی و پێشکەوتنی دیموکراسی، وەرگێڕان: یاسین سەردەشتی، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

عەزیز، نیازی حەمە (١٩٩٢)، نەعرەتی بیتوێن ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەنوسیانەیە سەبارەت بە پێنجی ئاداری ١٩٩١، بێ چاپ، بێ شوێنی چاپ.

عەلائەددین، دلاوەر عەبدولعەزیز (٢٠٠٧)، لۆبیکردن بۆنەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، چاپی یەکەم، بێ شوێنی چاپ.

عزەتی، عزەت الله (٢٠١٣)، کوردستان (لێکۆڵینەوەیەکی جیۆپۆلەتیکیە دەربارەی عێراق و ئێران)، وەرگێڕان: هاوڕێ یاسین و محەمەد ئەمین، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

عمر ڕاجی (٢٠٠٥)، ڕۆژی شۆڕش، وەرگێڕان: سیاو محمود و کاوە سەباح، چاپخانەی ڕون، سلێمانی.

کاپلان و کریستۆل، لورانس، ولیەم (٢٠٠٧)، جەنگی عێراق و ستەمکاری سەدام و پەیامی ئەمریکی، وەرگێڕان: عەبدولکەریم عوزێم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

کۆچیرا، کریس (٢٠١٣)، بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی، وەرگێڕان: حسن ڕەستگار، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

کۆگلن، کۆن (٢٠١٤)، صدام و ژیانی نهێنی، وەرگێرانی: لوقمان باپیر، چاپی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

لیزنبێرگ، مایکڵ (٢٠١١)، ئەنفال لە کوردستانی عێراق، وەرگێڕان: کارزان محەمەد، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.

مار، فیبی (٢٠١١)، مێژوی نوێی عێراق، وەرگێڕانی: حەمە شەریف حەمە غەریب و شێرکۆ ئەحمەد حەوێز، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

مەسیفی، کاروانی ئەنوەر (٢٠١١)، صدام حسین و پانۆرامای سیاسەتی خوێناوی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

محمد، خالید ئیبراهیم (٢٠١٥)، (٣/٤)ی چواری ئادار، چاپخانەی کەمال، بێ شوێنی چاپ.

مستەفا، ئاراس عبدالرحمان (٢٠٠٩)، ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لەباشوری کوردستان، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

مستەفا، ئاراس عبدالرحمان (٢٠١٨)، هۆکارەکانی سەرهەڵدان و خۆئامادەکردنی پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان بۆ ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١)، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

مکی، ساندرا (٢٠٠٩)، دۆسیەی نهێنی سەرکردەکانی عەرەب، وەرگێڕان: ئومید تۆفیق، چاپخانەی سایە، سلێمانی.

نورەدین، بوار (٢٠١١)، ئەستێرەی سور، چاپی دوەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

هەیکەل، محەمەد حەسەنەین (٢٠١٠)، جەنگی کەنداو و گومانەکانی سەرکەوتن، وەرگێڕانی عەلی میرزا عارف، بەرگی یەکەم، چاپخانەی چوار چرا، سلێمانی

وۆچ، میدڵ ئیست (٢٠٠٤)، جینۆساید لە عێراقدا پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، وەرگێڕان: محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

أبوبکر، توانا قادر (٢٠١٧)، بەرەی کوردستانی (١٩٨٧- ١٩٩٢)، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوەیە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی ڕاپەڕین کراوە.

صالح خلف صالح، أثار الاجتیاح العراقی للکویت علی العلاقات العراقیە- الامریکیە ١٩٨٨-٢٠٠٨، رسالە ماجستیر غیر منشورەن تقدیم جامعە لەشرق الاوسط للدراسات العلیا، کلیە اداب، علوم السیاسیەن ٢٠١٠.

مستەفا، ئاراس عبدالرحمن، (٢٠١٦) بارودۆخی باشوری کوردستان لە چەند نامەیەکی ڕێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا (١٩٩٠-١٩٩١)، گۆڤاری (زانکۆی ڕاپەڕین)، ژمارە (ژمارەی تایبەت).

خەیات،د. کەمال محمد سعید، باری ئابوری-(١٩٩٨) کۆمەڵایەتی لادێی کوردستان چەند سەرنجێک دەربارەی ئاوەدانکردنەوەی لادێ(گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی) ژمارە (٤)ی ساڵی شەشەم سلێمانی، تشرینی دوەم.

تاڵەبانی، هیوا،(١٩٩٣)، سیاسەتی ئابوری عێراق ١٩٦٨-١٩٩٠، سیاسەتی دەولی(گۆڤار)، ژمارە(٣) ساڵی دوەم.

بێ نوسەر (٢٠٠٧)، ئەوان کێن (کوردۆی عەزیز بەگ)، گۆڤاری ڕانیە، ژمارە (١٩).

بێ نوسەر (١٩٩٢)، پاشماوەی داستانی ڕاپەڕینی شاری ڕانیە لە ڕۆژی (٦)ی ئازاری (١٩٩١)، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٦).

بێ نوسەر (٢٠٠٨)، پێنجی سێ خاوەنی خەسڵەتەکانی ڕاپەڕینە، ڕۆژنامەی پێنجی سێ، ژمارە (٢).

خدر، صالح عوسمان (١٩٩٢)، ڕاپەڕینەکانی شارۆچکەی چوارقورنە لە (١٩٩١/٣/٥)، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٦)، ساڵی یەکەم.

(ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی)، ژمارە ٢٢، ساڵی (٣)، تشرینی دوەمی ١٩٩٠.

ڕێوان (١٩٩٢)، داستانی ڕاپەڕینی شاری ڕانیە ڕۆژی ٦ ی ئازاری ١٩٩١، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (٣٦)، ساڵی یەکەم.

شاوری، کوردە (٢٠٠٩)، ڕۆڵی شاورییەکان لە بەرپاکردن و سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەی ڕانیە و دەوروبەری لە زمانی کوردە شاوریەوە، گۆڤاری (شمشارە)، ژمارە (٤٦).

عەزیز، نیازی حەمە (٢٠١٣)، یەکەم ئیزگەی سەربەخۆی دوای ڕاپەڕین چۆن دامەزرا، ڕۆژنامەی بروسک، ژمارە (٢).

عەلی، ئەسعەد حمە (٢٠٠٧)، ٥ی ئازار و چەند ڕاستیەک، ڕۆژنامەی (دیکۆمێنتاری ڕاپەڕینی ٥ی ئازار)، ژمارە (١).

موکری (١٩٩٢)، پانۆرامای جەنگی کەنداو، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١٥)، ساڵی یەکەم، سێ شەممە، (١١)ی شوباتی.

الانصاری، مصطفی (١٩٩٨)، العراق و الامم المتحده انك المعلومات العراقی، بدون المکان الطبع.

تریب، تشارلز (٢٠٠٦)، صفحات من تاریخ العراق المعاصر، ترجمە: زینه جابر ادریس، الدار العربیه للعلوم، بیروت.

حبیب، کاظم (٢٠١٣)، لمحات من عراق القرن العشرین، مطبعه اراس، اربیل.

الزهاوی، فاضل حرب (٢٠٠٤)، الخلیج و انتفاضه کردستان العراق، مطبعه رون، السلیمانیه.

سيمؤنس جينف (١٩٩٩)، التنكيل بالعراق العقوبات القانون و العداله، مركز دراسات الوحده العربيه، بيروت.

شعبان، عبدالحسين (١٩٩٤)، بانوراما حرب الخليج، وثيقه و خبر، الطبعه الاولى، مطبعه دار البراق، لندن.

العنزى، محمد نايف (٢٠١٣)، صفحات فى التاريخ السياسى للكويت، الطبعه الثانيه، مكتبه افاق، بدون مكان الطبع.

الجلبى، فاضل،(١٩٩٦) الاثار الاقتصاديه لغزو الكويت او صليل (محرر)، الغزو العراقى للكويت الخبرات المستحلصه والخروج من الازمه، عمان، منزو الفكر العربى.،

الجمال، فاضل ،(١٩٩٢) مأساه الخليج الهيمنه الغربيه الجديده ، مكتبه مندبولى، القاهره ،.

سهر، عبدالكريم جانى،(٢٠٠٧) حرب الخليج الثانيه، دار الحصاد للنشر، دمشق،.

الطويله، عبدالستار،(١٩٩٠) ازمه الخليج حرب أم سلام، مكتبه مندبولى، القاهره،.

نصره، عبدالله البستكى ،(٢٠٠٣) امن الخليج من غزو العراق، بيروت،.

بوروس، وليم ورويرت وندريم ،(١٩٩٤) اسلحه الدمار الشامل، ترجمه دار الجليل لنشر، عمان،.

كوتشيرا، كريس (٢٠٠٧)، الكتاب الاسود لصدام حسين، ترجمه: خسرو بوتانى، الطبعه الاولى، اربيل.

لوران بير سالنجر واريك (د.س)، حرب الخليج، الطبعه العاشره، مطبعه العربيه فى كردستان العراق، بدون مكان.

مصطفى، ناديه محمود، وحسن نافعه، (محررون)،(١٩٩٠) العدوان على العراق خريطه ازمه ومستقبل امه، القاهره، مركز البحوث والدراسات السياسيه جامعه القاهره.

الادهمى، محمد مظفر ،(١٩٩٧) الطريق الى حرب الخليج دوافع ومقدمات حرب امريكا ضد العراق، الاهليه للتوزيع، عمان.

سعيد، محمد السيد ، (٢٠٠٥) الاحتلال الامريكى للعراق ورقه عمل حول مستقبل العراق، دار ميريت.

الخالدى، وليد ، أزمه الخليج الجزر والنتائج،(مجله الدراسات الفلسطينية) ، المجلد٢، العدده، شتاء ١٩٩١، ص٣-٢٣

United Nations Security Council Resolution 660, (1990) The Situation between Iraq and Kuwait, S/RES/660 (

– karsh, Efraim, (25 April 2002)The Iran- Iraq War1980-1988, osprey pubishing, 978-1841763712isbn.

“Cruze Gregory S. spring 1988, “Iran and Iraq” perspectives in confict, Military Reports 26.2018

(www.aljazeera.net)

https://www.bbc.com/arabic/middleeast/2014/04/140424_iraq_timeline

http://www.worldbank.org/education/sabe

## پاشكۆ:

بڕیاری ٦٦١ ئەنجومەنی ئاسایش تایبەت بە گەمارۆدانی ئابوری عێراق

-٥٣-

القرار ٦٦١ (١٩٩٠) المؤرخ في ٦ آب/أغسطس ١٩٩٠

إن مجلس الأمن ،

إذ يعيد تأكيد قراره ٦٦٠ (١٩٩٠) المؤرخ في ٢ آب/أغسطس ١٩٩٠ ،

وإذ يساوره بالغ القلق إزاء عدم تنفيذ ذلك القرار ولأن غزو العراق للكويت لايزال مستمرا ويسبب المزيد من الخسائر في الأرواح ومن الدمار المادي ،

وتصميما منه على إنهاء غزو العراق للكويت واحتلاله له ، وعلى إعادة سيادة الكويت واستقلالها وسلامتها الإقليمية ،

وإذ يلاحظ أن حكومة الكويت الشرعية قد أعربت عن استعدادها للامتثال للقرار ٦٦٠ (١٩٩٠) ،

وإذ يضع في اعتباره المسؤوليات الموكلة اليه بموجب ميثاق الأمم المتحدة للحفاظ على السلم والأمن الدوليين ،

وإذ يؤكد الحق الطبيعي في الدفاع عن النفس فرديا أو جماعيا ، ردا على الهجوم المسلح الذي قام به العراق ضد الكويت ، وفقا للمادة ٥١ من الميثاق ،

وإذ يتصرف وفقا للفصل السابع من الميثاق ،

١ - يقرر أن العراق لم يمتثل ، حتى الآن ، للفقرة ٢ من القرار ٦٦٠ (١٩٩٠) واغتصب سلطة الحكومة الشرعية في الكويت ؛

٢ - يقرر ، نتيجة لذلك ، اتخاذ التدابير التالية لضمان امتثال العراق للفقرة ٢ من القرار ٦٦٠ (١٩٩٠) وإعادة السلطة الى الحكومة الشرعية في الكويت ؛

٣ - يقرر أن تمنع جميع الدول ما يلي :

(أ) استيراد أي من السلع والمنتجات التي يكون مصدرها العراق أو الكويت ، وتكون مصدرة منهما بعد تاريخ هذا القرار ، الى أقاليمها ؛

(ب) أية أنشطة يقوم بها رعاياها أو تتم في أقاليمها ويكون من شأنها تعزيز ، أو يقصد بها تعزيز ، التصدير أو الشحن العابر لأية سلع أو منتجات من العراق أو الكويت ، وأية تعاملات يقوم بها رعاياها أو السفن التي ترفع علمها أو تتم في أقاليمها بشأن أية سلع أو منتجات يكون مصدرها العراق أو الكويت وتكون مصدرة منهما بعد تاريخ هذا القرار ، بما في ذلك

-53- ١٣٥٤د(٩١)

على وجه الخصوص أي تحويل للأموال الى العراق أو الكويت لأغراض القيام بهذه الانشطة أو التعاملات ؛

(ج) أية عمليات بيع أو توريد يقوم بها رعاياها أو تتم من أقاليمها أو باستخدام السفن التي ترفع علمها لأية سلع أو منتجات ، بما في ذلك الاسلحة أو أية معدات عسكرية اخرى ، سواء كان منشؤها في أقاليمها أو لم يكن ، ولا تشمل الامدادات المخصصة بالتحديد للأغراض الطبية والمواد الغذائية المقدمة في ظروف انسانية ، الى أي شخص أو هيئة في العراق أو الكويت أو الى أي شخص أو هيئة لأغراض عمليات تجارية يضطلع بها في العراق أو الكويت أو منهما ، وأية انشطة يقوم بها رعاياها أو تتم في أقاليمها ويكون من شأنها تعزيز ، أو يقصد بها تعزيز ، عمليات بيع أو توريد هذه السلع أو المنتجات ؛

٤ - يقرر أن تمتنع جميع الدول عن توفير أية أموال أو أية موارد مالية أو اقتصادية أخرى لحكومة العراق أو لأية مشاريع تجارية أو صناعية أو لأية مشاريع للمرافق العامة في العراق أو الكويت ، وأن تمنع رعاياها وأي أشخاص داخل أقاليمها من إخراج أي أموال أو موارد من أقاليمها أو القيام ، بأية طريقة أخرى ، بتوفير الأموال والموارد لتلك الحكومة ، أو لأي من مشاريعها ، ومن تحويل أي أموال أخرى الى أشخاص أو هيئات داخل العراق أو الكويت ، فيما عدا المدفوعات المخصصة بالتحديد للأغراض الطبية أو الانسانية والمواد الغذائية المقدمة في الظروف الإنسانية ؛

٥ - يطلب الى جميع الدول ، بما في ذلك الدول غير الاعضاء في الامم المتحدة ، أن تعمل بدقة وفقا لأحكام هذا القرار بغض النظر عن أي عقد تم ابرامه أو ترخيص تم منحه قبل تاريخ هذا القرار ؛

٦ - يقرر ، وفقا للمادة ٢٨ من النظام الداخلي المؤقت ، تشكيل لجنة تابعة لمجلس الامن وتضم جميع أعضائه كي تضطلع بالمهام التالية وتقدم الى المجلس التقارير المتصلة بعملها مشفوعة بملاحظاتها وتوصياتها :

(أ) أن تنظر في التقارير التي سيقدمها الامين العام عن التقدم المحرز في تنفيذ هذا القرار ؛

(ب) أن تطلب من جميع الدول المزيد من المعلومات المتصلة بالاجراءات المتخذة فيما يتعلق بالتنفيذ الفعال للأحكام المنصوص عليها في هذا القرار ؛

٧ - يطلب الى جميع الدول أن تتعاون تعاونا تاما مع اللجنة فيما يتعلق بقيامها بمهمتها ، بما في ذلك توفير المعلومات التي قد تطلبها اللجنة تنفيذا لهذا القرار ؛

٨ - يطلب الى الأمين العام تزويد اللجنة بكل المساعدة اللازمة واتخاذ الترتيبات اللازمة في الامانة العامة لهذا الغرض ؛

٩ - يقرر أنه ، بغض النظر عن الفقرات من ٤ الى ٨ أعلاه ، لا يوجد في هذا القرار ما يمنع عن تقديم المساعدة الى الحكومة الشرعية في الكويت ، ويطلب الى جميع الدول ما يلي :

(أ) اتخاذ تدابير مناسبة لحماية الاصول التي تملكها حكومة الكويت الشرعية ووكالاتها ؛

(ب) عدم الاعتراف بأي نظام تقيمه سلطة الاحتلال ؛

١٠ - يطلب الى الأمين العام أن يقدم الى مجلس الأمن تقارير عن التقدم المحرز في تنفيذ هذا القرار ، على أن يقدم التقرير الاول خلال ثلاثين يوما ؛

١١ - يقرر أن يبقي هذا البند في جدول أعماله وأن يواصل بذل الجهود كي يتم إنهاء الغزو العراقي في وقت مبكر .

اتخذ في الجلسة ٢٩٣٣ بأغلبية ١٣ صوتا مقابل لا شيء ، وامتناع عضوين عن التصويت (كوبا واليمن) .

مقرر

في الجلسة ٢٩٣٤ ، المعقودة في ٩ آب/أغسطس ١٩٩٠ ، قرر المجلس دعوة ممثل عمان إلى الاشتراك ، دون أن يكون له حق التصويت ، في مناقشة البند المعنون :

"الحالة بين العراق والكويت :

"رسالة مؤرخة في ٢ آب/أغسطس ١٩٩٠ وموجهة إلى رئيس مجلس الامن من الممثل الدائم للكويت لدى الامم المتحدة (S/21423)[(١٠٤)] ؛

"رسالة مؤرخة في ٢ آب/أغسطس ١٩٩٠ وموجهة إلى رئيس مجلس الامن من الممثل الدائم للولايات المتحدة الأمريكية لدى الامم المتحدة (S/21424)[(١٠٤)] ؛

"رسالة مؤرخة في ٨ آب/أغسطس ١٩٩٠ وموجهة إلى رئيس مجلس الامن من الممثلين الدائمين لكل من